# Kirkuk and the impact of regional and international powers on the non-implementation of Article 140

Chenar Babaker Mohammed
Department of International Relations and Diplomacy, College of Political Sciences, Salahaddin University-Erbil

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2691KPF.06*

*Published:6/1/2026*

## *Abstract*

*The process of Arabization was performed toward the Kurdish nation since the establishment of modern Iraqi states in 1921. But the atrocities toward Kurds increased when the Ba'ath regime came to power in 1958. Yet, for many decades the international community kept silent during such atrocities of genocide, chemical bombing, and Anfal campaigning. The regime's collapse in 2003 was the first sign of hope for Kurds to achieve all their fundamental rights. Although the Kurdistan Region was recognized constitutionally in 2005, disputed territories remained a conflict point between the Kurdistan Region and the central government of Iraq. When the Ba'ath regime collapsed in 2003, still the Kurdish area out of the border of Kurdistan Region continued to be disputed, but, this issue was addressed in Article 140 of the new Iraqi federal constitution of 2005. Despite the internal constraints, the implementation of Article 140 has been postponed many times under regional and international constraints. So this research concentrates on the school of "Neo-Realism" or " Structural Realism" which dominated international politics for many decades. This school of thought ignores the internal affairs of the states but rather cares about the placement of the states in international politics. It is not a serious issue for this school of thought to care about the system of governance in the states whether is a dictatorship or democracy, what is important is their distribution of capabilities on the international level. Moreover, there is a structure of the international system which can influence the behavior of the states concerning their relations with other states. Under such perspective, the research identifies the obstacles which created the problem toward the fulfillment of article 140. The United States, as a great power in the international system, doesn't want to face any threat to its national interests that may change the balance of power in the Region. In their perspective, if Article 140 is implemented, it will threaten the territorial integrity of Iraq and bring instability to the Region, which may not serve the U.S. interest. As long as the notions of threat, power, and hegemony dominate international politics, we cannot expect Article 140 to be implemented properly. If superpowers adopt a different school of thought such as Idealism rather than Neo-Realism, which cares about domestic affairs of states and pursues the fundamental values of human rights and prevents ethnic cleansing and atrocities, and agree with the right of self-determination; there could be a possibility for implementation of Article 140 without any regional or international intervention, however, the stability can return to the region.*

***Keyword**: Structural Realism, Kurdish issue, Arabizaiton, Demography change, Border change, Article 140.*

# کەرکوک و کاریگەری هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لەسەر جێ بەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠)ی دستور

**پ.ی.د. چنار بابکر محمد**

chenar.mohammed@su.edu.krd

بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی،

کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

**پۆختە**

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ کار بۆ بەعەرەبکردنی کەرکوک کراوە. لە سەردەمی حوکمڕانیی ڕژێمی بەعس ئەو هەوڵانە زیاتربوون، تەنانەت کار بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد کراوە. ساڵانێکی دوورودرێژ زلهێزەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بەو پێشێلکارییە نامرۆییانە بێ دەنگییان هەڵبژارد. کاتێ لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی بەعس ڕووخا، هیوایەک بۆ کورد دروستبوو، بۆ ئەوەی بگات بە مافە ڕەواکانی. هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی دەستوری دانپێنرا، بەڵام کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم نە لە ڕێگەی پرۆژەی دژەفرینی ١٩٩١ و نە لە چوارچێوەی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ٢٠٠٥ و ماددەی ١٤٠ی دەستور چارەسەرکران. ئەو ناوچانە لە هەرێمی کوردستان جیاکراونەتەوە و بە ناوچەی فرەنەتەوە ئەژماردەکرێن و دەوترێ دەبێت لە ڕێگەی دەستور چارەسەربکرێ. لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەم مەرجەی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕازیبووە، بەڵام دیسانەوە هیچ هەوڵێکی جدی نەدراوە بۆ چارەسەرکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور و بەردەوام بەربەستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی دروستکراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیە تیشک خراوەتە سەر قوتابخانەی هزری "نیوڕیالیزم" یان "ستراکچراڵ ڕیالیزم"، کە باس لە کاریگەریی ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان دەکات لە ڕابردوو، لە داهاتوو و تەنانەت لە ئێستاشدا. ئەم قوتابخانە هزرییە گرنگی بە ناوخۆی دەوڵەتەکان نادات، ئایا سیستەمی ئەو دەوڵەتانە دیکتاتۆرییە یان دیموکراسی. بۆ ئەم قوتابخانە هزرییە هەڵسوکەوتی وڵاتان لەناو ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی گرنگە، کە دەوڵەتی سەربەخۆن و سەروەرییان هەیە. ئێمە لەم ڕوانگەیەوە شیکردنەوەمان بۆ هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور کردووە، کە لە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان و سەقامگیری ناوچەکە و هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەییدایە. تا ئەو کاتەی ئەو شێوازە هزرە زاڵ بێت بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و ترس لە هەڕەشە و هەژموون هەبێت و کار بۆ هێشتنەوەی هاوسەنگیی هێز بکرێت، ئەوا ئەستەمە گۆڕانکاری لە سنوورە دەستکردەکان بکرێت، یان

ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت. هەر کاتێ لە بری هزری نیوریالیزم هزرێکی تری وەکو ئایدیالی لەناو سیستمەی نێودەوڵەتی پەیرەوکرا، کە لە بری سەروەریی دەوڵەت، گرنگی بە بەها مرۆییەکان و پرسی ئێتنەکان دەدات، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین، ماددەی ١٤٠ جێبەجێدەکرێت و سەقامگیریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە.

وشە کلیلییەکان: ستراکچراڵ ڕیالیزم، پرسی کورد، ماددەی ١٤٠، ڕیفراندۆم، گۆڕینی سنوورەکان، بەعەرەبکردن.

## کەرکوک و کاریگەریی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠)ی دستور

### پێشەکی

کەرکوک ئەو ناوچەیەیە، کورد زیاتر لە سەد ساڵە هەوڵی گەڕانەوەی دەدات بۆ باوەشی کوردستان، لە ئێستادا هەوڵی گەڕانەوەی دەدرێ بۆ سەر هەرێمی کوردستان. کەرکوک یەکەم ناوچە بووە لە عێراق، کە لە ساڵی ١٩٢٧ نەوتی لێ دۆزراوەتەوە، دواتر بووە بە شادەماری ئابووریی عێراق. بەپێی بەڵگە مێژووییەکان هۆکاری ئەو ستەمکارییانەی، ڕژێمەکانی عێراق بەرانبەر بە گەلی کورد لە کەرکوک ئەنجامیان داوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کورد لە کەرکوک زۆرینە بووە. بۆیە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کاریان لە سەر گۆڕینی سنووری کەرکوک و بچووککردنەوەی کردووە. بۆ نموونە کەرکوک لە ساڵی ١٩٥٠ لە ٢٠.٠٠٠ کیلۆمەتر دووجاوە بچووککراوەتەوە بۆ ٩،٦٧٢ کیلۆمتر دووجا. لە پاڵ گۆڕینی سنووری ئەم شارە، دەست بە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەی کەرکوک کراوە، ئەوەش بە هێنانی عەرەب و دەرکردنی کورد لە شار و شارۆچکە و شارەدێیەکان. لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و پاش ئازادکرنی عێراق، لە ڕێگەی دەستوری هەمیشەیی، کە سەرەتا ناوی لێ نرا ماددەی ٥٨ی یاسای کاتی بەڕێوبردن و دواتر گۆڕدرا بۆ ماددەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی، هەوڵدرا وەکو میکانیزمێ، پرسی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە بە ناوچە جێناکۆکەکان ناسراوە، جێبەجێبکرێت. ئەم میکانیزمە پێکهاتووە لە قۆناغەکانی ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و ڕیفراندۆم. ڕیفراندۆم دەبوو لە ٣١/ ٢٠٠٧/١٢ ئەنجام درابا بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ئێستادا زیاتر لە ١٥ ساڵ بەسەر ئەو بەرواره تێپەڕیوە، ئەم ماددەیە وەکو خۆی جێ بەجێنەکراوە. لەم توێژینەوەیە باس لەو هۆکار و کاریگەرییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانە دەکەین، کە بوون بە بەربەست لەبەردەم جێبەجێنەکردنی ئەم ماددەیە. هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەموو کاتێ بەرژەوەندیی ئاسایشی و نەتەوەییان وەکو خاڵی سەرەکی ستراتیژی لا گرنگ بووە. کاتێ گەلی کوردستان لە ٢٥-٩-٢٠١٧ ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، دانیشتوانی هەرێم بە زیاتر لە ٩٢٪ بە بەڵێ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، دواتر هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان پشتیان لە گەلی کورستان کرد و کەرکوکیش جارێکی تر ڕووبەڕووی ڕەوشێکی ئاڵۆزی ئەمنی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی دژوار بۆوە. ئەو هێزە هەرێمی و

نێودەوڵەتییانە بەربەست دروستدەکەن و بە ربەدەوامی گوشار دەخەنە سەر گەلی کوردستان، بۆ ئەوەی دەستبەرداری پرسی گەڕانەوەی کەرکوک و جیبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستور بێت.

**گرنگیی توێژینەوە:**

کەرکوک لە دیدی کوردەوە بە بەشێکی دانەبڕاو لە خاکی کوردستان ئەژماردەکرێت و نزیکەی یەک سەدەیە تێیدا سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێ دژ بە گەلی کورد ئەنجامدەدرێ. دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان پێیوایە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور دەتوانێ زامنی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بێت، کە لەلایەن ڕژێمەکانی پێشووتر دروستکراوە. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەودایە، کە دەیخاتەڕوو، چۆن ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی کاریگەری هەبووە لەسەر پرسی جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور. کاتێ دەوترێ، عێراق ڕێگرە لە جێبەجێنەکردنی ئەو ماددەیە، پێویستە باس لەوەش بکرێ، کە دەوڵەتانی دراوسێ و زلهێزەکان ڕۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی بەربەست لەبەردەم جێبەجێنەکردنی ئەم ماددەیە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

زیاتر لە سەد ساڵە گەلی کوردستان لەسەر خاکی خۆی ڕووبەڕووی ڕاگواستنەوەی بە زۆر و بەعەرەبکردن و جینۆساید دەبێتەوە، گرنگە تیشک بخرێتە سەر دۆزی کورد و مافی ڕەوای گەلی کوردستان، ئەو بەڵگە و سەرچاوانە بخرێنەڕوو، کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە گرفت و بەربەست و ڕێگاچارەکانی پەیوەست بە پرسی کەرکوک، بە تایبەتی دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، گرنگیی خۆی هەیە. بەڵگە و دۆکیومێنتە مێژووییەکان سەبارەت بە دژایەتیکردنی نەتەوەی کورد لە کەرکوک و بە هەوڵەکان بۆ بەعەرەبکردنی کەرکوک، ڕێگرییەکان لەبەردەم گەڕانەوی کەرکوک بۆ سەر خاکی کوردستان ئاشکرا دەکەن، لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش کار کراوە بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر خاکی کوردستان. دەکرێ ئەم جۆرە توێژینەوانە دەرفەتێک بن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ پرسی کەرکوک.

**پرسیاری توێژینەوە:**

ئایا ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی کاریگەری هەیە لەسەر ج بەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

بەپێی تیۆری نیورپالیزم، ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور پەیوەست بە پرسی کەرکوک هەیە، لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینەی، ئەگەر کورد

لەو ناوچانە بە مافە سیاسییەکانی بگات، ئەوا ناسەقامگیری لە سەرجەم عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستدەبێت. ئەمەش لە ئێستادا لە بەرژەوەندیی هێزە هەرێمییەکان و بە تایبەتی لە بەرژەوەندیی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێت کە لە ناو سیستەمی ئانارشی نێودەوڵەتیدا لە حاڵەتی ململانێ و کێبڕکێیە.

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پشت بەو زانیاری و بەڵگە مێژوویی و هەنووکییەکانە و فاکتەرەکانی، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر کێشەکانی کەرکوک، دەبەستێت. بۆ بابەتی تیۆری نیوڕیالیزم پشت بە سەرچاوەکانی قوتابخانەی نیوڕیالیزم دەبەستێ، لەوانە "کنتس والتز"، "جۆن میرشایمەر" و زانایانی تر. لەم توێژەینەوەیەدا بە پێی لۆژیکی ئیستقرایی لە میتۆدی جۆریتی کار کراوە. داتاکان شیکردنەوە و خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ و دواتر پێشهاتەکان دیاریدەکرێن و خوێندنەوەیەکی وردیش بۆ ئاییندە دەکرێ.

**چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیە تیشک دەخرێتە سەر هەڵوێست و سیاسەتەکانی دەرەوە بەرانبەر بە جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور و پرسی کەرکوک. بۆ ئەم مەبەستە پشت بە تیۆری نیوڕیالیزم (ستراکچڕال ڕیالیزم) دەبەستری، کە پێیوایە، ئەولەویات بۆ بەرژەوەندییەکانە و ئەوە ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتییە، کە دەرفەت بە دەوڵەتەکان دەدات، لە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی ڕۆڵبگێڕن. ڕێبازی هزریی (ستراکچڕال ڕیالیزم) گرنگی بە سیستەمی حوکمڕانیی ناوخۆیی دەوڵەتەکان نادەت، ئایا دەسەڵات بە فۆڕمێکی دیکتاتۆری یان دیموکراسی حوکمڕانی دەکات.

**پێکهاتەی توێژەینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دەرئەنجام و سێ بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، باس لە ڕێبازە هزرییەکان بۆ هێز و مانەوە دەکرێت، کە پەیوەستە بە تیۆری ستراکچڕال ڕیالیزم. لە بەشی دووەم، تیشک دەخرێتە سەر دۆخی کەرکووک لە ڕووی گۆڕینی دیمۆگرافی و سنوورەکان، تا ئەو کاتەی لە دەستوری هەمیشەیی عێراق، لە ماددەی ١٤٠، میکانیزمەکان بۆ چارەسەر چەسپێنران. هەروەها باس لە ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ دەکرێت. لە بەشی سێیەم، باس لە هەڵسوکەوتی سیستەمی نێودەوڵەتی لە دیدی ستراکچڕال ڕیالیستەکان و کاریگەریی لەسەر جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور و شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ ئێستا و داهاتوو دەکرێت. دواتر ئەنجام و ڕاسپاردەکان دەخرێنەڕوو.

**بەشی یەکەم: ڕێبازی هزریی هێز بۆ مانەوە لە ناو ستراکچەری نێودەوڵەتی**

بە هەبوونی دەوڵەتەکان و نەتەوەکان لە جیهاندا و بە پێی مێژووی ڕووداوەکان، دەکرێ ئەو پرسیارە بکرێت، بۆچی لە جیهاندا کارەساتی دڵتەزێنی وەکو جەنگ و کۆمەڵکوژی ڕوویداوە و بەردەوام

ڕوودەدات، بۆچی دەوڵەتەکان بە دوای هێز دەگەڕێن؟ ئایا ئەو هێزە چ جۆرە هێزێکە؟ ئەگەر دەوڵەتی تەنیا کار بۆ خۆپاراستن و بەرگریکردن بکات، دەرفەتی مانەوەی چەندە؟ ئایا نەتەوەکان و کەمینەکان لەناو ئەم جۆرە سیستەمەدا پارێزراو دەبن؟

**١-١- هێز لە پێناو مانەوە**

لە ڕوانگەی قوتابخانە ڕیالستییەکانەوە هێز ئامرازێکە بۆ پاراستنی دەسەڵات و مانەوە. لە پێناو دەسەڵات و مانەوەش وەکو ئامراز پەنا بۆ جەنگ براوە. چەندین سەدەیە ئەم ڕێبازە کاریگەری هەبووە لەسەر داڕشتنی سیاسەت و پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان. فەیلەسووف و دانا و جەنەراڵی سەربازی و داڕێژەری ستراتیژیی چین، سان تسو (Sun Tzu)، کە لە نێوان (496-551) پێش زاین ژیاوە، کتێبێکی بەناوبانگی لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین بە ناونیشانی "هونەری جەنگ" بڵاوکردۆتەوە. لەو کتێبەی باسی لە بەکارهێنانی هێز کردووە، وەکو ئامرازێک بۆ مانەوە و پاراستنی دەسەڵات. سان تسو پێیوایە، دەسەڵاتداران لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگ لەگەڵ نەیارانیان لۆژیکی ئایدیاڵ و لایەنی مرۆیی ڕەچاوناکەن، چونکە بۆ مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندییەکان تەنها هێز پێویست و گرنگە، نەوەک ئایدیاڵ و لایەنی مرۆیی. (Tzu, 1963) ئەگەر بڕوانینە تێڕوانینی فەیلەسووفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩)، دەبینین چۆن ئەو باسی لەوە کردووە، کە ناخی مرۆڤەکان خراپ و شەڕانگێزە، بۆیەش بە بەردەوامی کێبڕکێ هەیە و دواجار دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی جەنگ. (Pevehouse,2017:38) بە هەمان شێوە نیکۆلۆ میکیاڤیلی (١٥٦٩-١٥٢٧) داوا لە میر دەکات، ئەگەر بیەوێت دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ، پێویستە کردەوەکانی بەسوود بێ، لە جۆری دروستکردنی هاوپەیمانێتیی مرۆیی و سەربازی. (Machiavelli,1950: 44) هەردوو زانای گەورە پێیانوایە، مرۆڤ خۆپەرست و بێبەزەییە. ئەوان دەڵێن، لە سیاسەتدا موراڵ جێگای نابێتەوە.

دوای جەنگی جیهانی دووەم زانای ئەڵمانی-ئەمریکی هانس مۆرگنتاو Hans Morgenthous, (١٩٠٤-١٩٨٠)، وەکو بابەت دابەشکردنی هێز و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ورووژاندووە. ئەم زانایە پێیوایە، یاسا گەردوونییەکان بە شێوەیەکی بابەتییانە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی بونیادنراون، نەوەک لەسەر بنەمای ڕەفتار و باری دەروونیی بڕیاربەدەستەکان. مۆرگنتاو دەڵێ، نەتەوەکان فریادڕەسێکیان نییە، وەکو موراڵێکی گەردوونی، کار بۆ پارێزگاریکردنیان بکات، ئەوە ئەرکی نەتەوەکانە، هۆشیاربن و هۆشمەندانە کار بۆ خۆپاراستن بکەن. بۆچوونەکانی مۆرگنتاو کاریگەرییان هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە تایبەتی لە سەردەمی جەنگی سارد. مۆرگنتاو لە ساڵی ١٩٦٥ دژ بە هەڵگیرساندنی جەنگی ڤێتنام بوو، چونکە ئەو پێیوابوو، کۆمۆنیستەکانی ڤێتنام زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناگەیەنن. (Morgenthau,April 18, 1965)

بۆ ڕیالیستەکان جۆری سیستەمی حوکمڕانی لە وڵاتان گرنگ نییە، ئایا سیستەمیان دیموکراسییە یان دیکتاتۆرییە، چونکە ئەم قوتابخانە هزرییە پێیوایە دەوڵەت ئەکتەرێکی سەربەخۆ و خاوەند سەرەوەرییە و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی لەناو سیستەمی نێودەوڵەتی بەپێی لۆژیکی خۆی ڕەفتار دەکات، بۆ نموونە "والتس" پێیوایە گرنگ ئەوەیە، وڵاتان نەبنە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. (Waltz, 1979:96) لەبەر هەمان هۆکار

ڕیالیستەکان لە ساڵی ٢٠٠٢، واتە پێش داگیرکردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دژ بە هێرشی ئەمریکا بوون بۆ سەر عێراق، چونکە ئەوان پێیانوابوو جەنگی عێراق بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی نیشتیمانی ئەمریکادا نییە. ڕیالیستەکان دەڵێن، هێزی سەربازی دەبێت تەنها لەکاتی پێویست بەکاربهێنرێت. (Pevehouse,2017:39)

زانای ئەمریکی، ڕۆبەرت جێرڤیس (١٩٤٠-٢٠٢١)، پێیوایە، هاوکاری و هەماهەنگی لەناو سیستەمی ئەنارشی زۆر ئەستەمە، چونکە لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاریی و هەماهەنگیی نێوان دەوڵەتەکان هێز و دەسەڵاتێک نییە، تا بتوانێ زامنی دەرئەنجامێکی باش بێت. بۆیە جێرڤیس لەو باوەڕەدایە، دەوڵەتەکان نایانەوێ بەرژەوەندیی ئابووری و ئاسایشیی خۆیان بەهۆی پێشکەشکردنی هاوکاری و هەماهەنگی بخەنە ژێر مەترسی، تەنانەت ئەگەر ئەو هاوکاری و هەماهەنگییانە سوودی دوولایەنەشیان هەبێت. لێرەدا ڕیالستییەکان گومانیان لە بابەتی هاوکاری و هەماهەنگی هەیە، چونکە ئەوان پێیانوایە، سوودەکانی ئەو هاوکاری و هەماهەنگییانە دواجار بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ دابەشدەکرێت. (Robert Jervis, 1978: 167-214)

### ١-٢- ئانارشی و سەروەری

قوتابخانەی نیۆڕیالیستەکان پێیوایە سیستەمی نێودەوڵەتی ڕەوشێکی ئەنارشیانە و شێوازێ لە پاشاگەردانی بەخۆیەوە دەبینێ، یاسا و ڕێسا و ستراکچەرێ، یان حکومەتێکی ناوەندی نییە، بتوانێ یاسا و ڕێساکان دابڕێژێت و دواتر بیانسەپێنێت. لەناو دەوڵەتەکان حکومەت و گرێبەستی کۆمەڵایەتی و سیستەم و یاسا هەیە، بەڵام کاتێ دێینە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، دەبینین دەوڵەتەکان ڕووبەڕووی هێزی دەوڵەتی تر دەبنەوە، بۆیە پێویستە بەهۆی هەبوونی ئەو پاشاگەردانییە دەوڵەتەکان پشت بە خۆیان ببەستن و خۆیان یارمەتیدەری سیستەمی خۆیان بن، واتە (self-help system). (Waltz, 1979: 118) جۆن میرشایمەر پێیوایە، ناکرێ لەدەست هەبوونی "ئەنارشیزمی جیهانی"ڕزگارمان بێت، چونکە ئەو ڕەوشە بەردەوامی هەیە، بەڵام دەکرێ دەوڵەتەکان لەڕێگەی چوونە ناو هاوپەیمانێتی، هێزی نۆرمە نێودەوڵەتییەکان سنووردار بکەن. (Mearsheimer,2001)

لەلایەکی ترەوە، جیا لە هەبوونی پاشاگەردانیی بەردەوام، هەندێ لەو نۆرم و ڕێسایانە گرنگیی خۆیان هەیە، بۆ نموونە، سەروەریی خاک، کە چەندین سەدەی پێویستە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردابێت. (Franck, 1990:192)

بەپێی پێوەرەکان سەبارەت بە سەروەری، دەوڵەتەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یەکسانن، و پێویست ناکات دەوڵەت بۆ ڕەفتارەکانی لەناوخۆدا وەڵامی دەسەڵاتی سەرووی دەوڵەت بداتەوە، چونکە دەوڵەت خۆی لە چوارچێوەی پرەنسیبی سەروەری دەبینێتەوە و بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی پەنا بۆ ئەم پرەنسیپە کۆنە نێودەوڵەتییەکان دەهێنێ، کە پێیوایە بەو شێوەیە ڕەوایەتیی پێدراوە بۆ هەموو ڕەفتارێ، کە لەناوخۆ ئەنجامی دەدات، تەنانەت ئەگەر مافی مرۆڤیش پێشێلبکات و جینۆسایدیش ئەنجامبدات. لە بەرانبەردا دەوڵەتەکانی تر و سیستەمی نێودەوڵەتی بێدەنگی هەڵدەبژێرن لە هەمبەر ئەو

پێشێلکارییە ناوخۆییانەی، کە دەوڵەتەکان ئەنجامیدەدەن، چونکە وەکو ئاماژەمان پێی دا، سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای سەروەری دامەزراوە. (Goldestein,2010- 2011, 44-45)

### ١-٣- ترس لە هەڕەشەکان و ناکۆکیی پێکهاتە نەتەوەییەکان

ئەگەر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی باسی ڕەوشی ئانارشی بکەین، کە دەوڵەتەکان ناچارن بۆ مانەوەی خۆیان سیستەمێکی خۆهاوکار (Self-help System) دامەزرێنن. چۆنکە هەر وەک "واڵتس" ئاماژەی پێ کردووە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گرفتی ئاسایشی هەیە، هەر بۆیە دەوڵەتان بەدوای دابینکردنی ئاسایشی خۆیانن و کار بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن. (Waltz, 1979:132) بەڵام لە دیدی نیورپالیستەکان گرفتی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتان بابەتێک نییە، سەرەکی بێت لە پەیوندییە نێودوڵەتییەکاندا، بەڵکو لەناوخۆی وڵاتان سیستەمی هەیە، کۆنترۆڵی ڕەوشەکە دەکات، جا ئەو سیستەمە دیکتاتۆری بێ یان دیمۆکراسی. بۆیە ئەو ڕێکخستەنەی لە ناوخۆی وڵاتان هەیە لەناو سیستەمی نێودەوڵەتی نییە. (Waltz, 1979:96)

کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس ڤێبەر (١٨٦٤-١٩٢٠) بۆ پێناسەکردنی دەوڵەت دەڵێ، "دەوڵەت خاوەند دانیشتوان و خاک و حکومەتە". ئەمەش لە ناو سیستەمەی نێودەوڵەتیدا شەرعیەتی وەرگرتووە، وەکوو ئەو دەوڵەت نەتەوانەی دوای جەنگی جیهانی دووەم دروست بوون. (Weber,1965:2) بۆیە حکومەت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە بەرپرسیارە لە دابینکردنی خۆشگۆزەرانی بۆ تەواوی پێکهاتەکانی سەر خاکەکەی و ئەرکی پاراستنی مافەکانیان لەئەستۆدەگرێت،

کاتێ نەتەویەک خاوەن خاکە و لایەنەکانی تری دەسەلاتدار چاویان بریوەتە خاکەکەی، ئەو نەتەوەیە ناتوانێ بە ئاسوودیی لەسەر ئەو خاکە بژی و بە بەردەوامی هەست بە هەڕەشە دەکات و مەترسی هەیە لەسەر مانەوەی و بەدوای چارەسەر دەگەڕێ. زۆرجاریش چارەسەر بە ڕێگەی ئاشتییانە و لێکتێگەیشتن دروستنابێ، بەڵکو حاڵەتێک دێتەکایەوە، کە پێی دەوترێ، ناکۆکیی نێوان نەتەوەکان. زۆرجاریش سیستەمی نێودەوڵەتی بەرانبەر دروستبوونی ناکۆکیی نێوان نەتەوەکان بێدەنگی هەڵبژاردووە. بیرمەندی ئەمریکی، "باری پۆسن" (Barry R. Posen)، پێیوایە، دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و دابەشبوونی یۆگۆسلاڤیا، ناکۆکیی نەتەوەیی بە پێی چەمکی گرفتی ئاسایشی 'Security Dilemma' پێناسەکراوە. پۆسن دەڵێ، "گروپەکان بەرپرسن لە ئاسایشی خۆیان. لە سەرتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو پێویست بوو پێکهاتە نەتەوەییەکان هەڵسەنگاندن بۆ سروشتی هەڕەشەی ئاسایشیان بکەن، کە لەلایەن دراوسێیەکانیان سەرچاوەی دەگرت و دیاری بکەن، چی بکرێ بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشانە". (Posen, 1993: 27-47)

ناکۆکیی نەتەوەیی دەکرێ بەهۆی دروستبوونی ترسی بە کۆمەڵ لە داهاتوو ڕوووبدات. ئەگەر گرووپێک بەهۆی زنجیرەیەک هەڕەشە ترسی هەبێ لەسەر ئاسایشی فیزیکیی خۆی، ئەوا دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو شتەی، کە پێی دەڵێن "گرفتی ئاسایشی" Securithy Dilemma، دواتر گرژی و ناکۆکیی نێوان نەتەوەکان ئاراستەیەکی تر دەگرنەبەر و توندوتیژییان لێ دەکەوێتەوە. دەرئەنجام ئەم ترسە لە ڕووی فیزیکی جەمسەرگیری دروستدەکات و دەبێتە مایەی پێکدادان لەگەڵ کلتووری دەسەلاتدار و دەبێتە مایەی دابەشبوونی کۆمەڵگەیی و پەرتەوازەیی. (Lake, 1998 )

کەواتە هەستکردن بە هەڕەشە لەسەر مانەوەی گرووپێک دەتوانی "داواکاریی جدی" بورووژێنێ، وەکو داوای مافی چارەنووس و سەربەخۆیی، ئەمەش لەوانەیە ڕێگەخۆشکەربێت بۆ دروستبوونی ناکۆکی و سەرهەڵەدانی توندوتیژی. (Horowitz, 1985: 178–180)

**بەشی دووەم: ڕەوشی کەرکووک لە قۆناغەکانی حوکمڕانیی عێراق**

ئەگەرچی ناکۆکییەکانی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بیانی فەرمانڕەوا لە کوردستانی باشوور دەگەڕێتەوە بۆ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، هاوپەیمانانی جەنگی جیهانی یەکەم بەپێی ماددەی (٦٤)ی پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ بەڵێنیاندابوو، کوردستانی باشوور، کە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵە و تا ڕادەیەک ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە لە سەردەمی عوسمانییەکان بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو، ببێت بە بەشێک لە دەوڵەتی کوردستان، وەکو لە ماددەکانی (٦٢) و (٦٣)ی ئەو پەیماننامەیدا هاتووە. بەپێی زانیارییەکانی کۆمەڵەی گەلان (League of Nations) لە هەشت دانیشتووی ئەو ناوچەیە حەوت دانیشتوو کورد بوون، لەگەڵ ئەوەشدا، پاش دامەزراندنی عێراق و لە دوای پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، هاوپەیمانان لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوە و گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ لەسەر خواستی فەرمانڕەوایی بەریتانیا و بە بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان بە "شانشینی عێراقی عەرەبی" گرێدرا. (Vanly, 1986: 147)

لە بەرانبەردا کورد هەندێک گەرەنتیی نێودەوڵەتیی پێدرا، وەکو شێوەیەک لە خودموختاری ("self-governement")، بە تایبەتی لە بوارەکانی کارگێڕی و داد و زمان. لە ڕووی یاساییەوە لە کوردستانی باشوور زمانی کوردی وەکو بەشێک لە کوردستان بە فەرمی دانپێنرا. ئەم دانپێنانەی بەریتانیای مەزن لە بەرانبەر جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانە بووە، کە بۆ سەربەخۆیی کورد درابوون، یان هەر بۆ ئەوە بووە، کە بریتانیا بتوانێت نەوتی کەرکوک بۆ خۆی قۆرخ بکات. دواتر سەرجەم ئەو گەرەنتییانەی، کە لەلایەن بەریتانیای مەزن بە کورد درابوون، لە لایەن بەغدا پشتگوێخران. (هەمان سەرچاوە: ١٤٧) کورد لەوکاتەوە تاوەکو ئەمڕۆ بۆ مافە ڕەواکانی و لەپێناو گەڕانەوەی خاکی داگیرکراوی خەبات دەکات.

**٢-١- سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافی و سنوورەکان لە کەرکوک**

**٢-١-١- گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە**

نزیکەی یەک سەدەیە لە ڕووی مافی مرۆڤ پێشێلکاریی بەرانبەر بە دانیشتوانی کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستانی باشوور دەکرێت و کوردەکانی دانیشتووی کەرکوک دووچاری ئاوارەبوونی زۆرەملێ و وێرانکردنی خاک و موڵک و چەوساندنەوەی کلتووریی بوون.

تاوەکو ئەمڕۆ ئەم پێشێلکارییانە بەردەوامیان هەیە، ڕەفتار و سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ بە کرداری ئەوەیان سەلماندووە. هێرشەکانی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران و ڕێکخراوی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی، ناسراو بە داعش، چەند هەوڵێک بوون بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد. لە ڕووی مێژووییشەوە ناسنامەی کورد لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی

دەوڵەتی عێراقی عەرەبی نەگونجاوە. لە دەستوری حیزبی بەعس هاتووە: "نیشتمانی عەرەبی بۆ عەرەبە" و هەر کەسێک بە عەرەبی قسە بکات و لەو ناوچانەدا ژیابێت، کە بە بەشێک لە خاکی عەرەب دادەنرێ، بە عەرەب ئەژماردەکرێ".(Arab Baath Socialist Party Constitution, 1947)

بەپێی دەستوری عێراق لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، ئەو ناوچەیەی ئاماژەی پێکراوە، کوردستانی باشووری گرتووەتەوە، و ئەوانەی لەو ناوچانەش ژیاون بە عەرەب ئەژمارکراون. لەو کاتەدا هەر کەسێ دژایەتیی ئەو تێزەی کردبێت، بە هەڕەشە بینراوە بۆ سەر پرۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەب و بە پێویست زانراوە، بە هەر شێوەیەک بێت، لەو ناوچەیە دووربخرێتەوە و نەمێنێ. (Kirmanj, 2021) بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرکردنی کورد و ڕاگواستنی بە زۆرەملێ بە مەبەستی نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە کوردییەکان، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەبی، دەوترێ سیاسەتی بەعەرەبکردن (التعريب). ئەم سیاسەتەش تەنها بەسەر کورد جێبەجێنەکراوە، بەڵکو پێکهاتەکانی تری وەکو تورکمان و ئاشووری و گرووپە کەمینە ڕەگەزییەکانی دیکەیشی لە کەرکوک بە دیاریکراوی و لە کوردستانی باشوور بە شێوەی گشتی، گرتۆتەوە. (Human Right Watch, August 2, 2004) هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو، بە تایبەتی پاش بەرهەمهێنانی نەوت لە کەرکوک، کێشەی دەرکردنی کورد و بەعەرەبکردن وەکو دیاردە سەریهەڵداوە و بووە بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ وازهێنانی بەریتانییەکان لە پشتیوانیکردنی کورد، یان دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد. (Letayf, 2011: 66)

لە سەردەمی ڕژێمی بەعس نزیکەی ٢٥٠ هەزار کورد بە زۆر لە ناوچەکانی کەرکوک، دوز و خانەقین و موسڵ دوورخراونەتەوە. (Human Right Watch: 2004) بە پێی زانیارییەکانی کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشە لێکراو (Gesellschaf für bedrohte Völker) ڕژێمی بەعس ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی لە ئاداری ١٩٨٧ تاوەکو ئەیلولی ١٩٨٨ ئەنجامداوە، لەو کاتەدا ٤٠٠٠ گوندی وێرانکردووە و بە پێی خەملاندنی دامەزراوە کوردییە باوەڕپێکراوەکان ١٨٢ هەزار کورد لەکاتی هێرشەکانی ئەنفال و ئەنجامەکانی ئەو هێرشانە ژیانیان لەدەستداوە. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ڕۆژئاوایی ژمارەی قوربانییان بە ١٠٠ هەزار کەس دەخەمڵێنن، لەکاتێکدا پسپۆڕی بریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرۆفیسۆر داڤید ماک دۆل باس لە ١٥٠ هەزار قوربانی دەکات. (GfbV, August 21, 2006)

بەهۆی ململانێیە چەکدارییەکان و بەردەوامبوونی حکومەتەکانی عێراق لەسەر سیاسەتی بەعەرەبکردن ژمارەیەکی زۆر لە کوردی دانیشتووی پارێزگای کەرکوک تاوەکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ئاوارەیی ژیانیان بەسەربردووە. (Human Right Watch, 2004)

دەکرێت بڵێین سیاسەتی گواستنەوەی عەرەب بۆ پارێزگای کەرکوک بە مەبەستی گۆڕینی دیموگرافیای ئەو پارێزگایە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ و پاش دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٩٢٧ و ئەنجامدانی پرۆژە فراوانەکانی ئاودێری لە سییەکان تا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو و دواتر پەیڕەوکردنی سیاسەتی "تەعریب" لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، بە تایبەتی لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەپێی پلانی داڕێژراو بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کوردنشینەکان بەردەوامیی هەبووە. دواتر ئەم سیاسەتە شۆڤێنییە، بە تایبەتی، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-

١٩٩٠ زیادی کردووە و پرۆسەی بەعەرەبکردن لە کەرکوک دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کۆتاییهەاتووە (Morris, et al, 2015:10) و تا ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیش، بەردەوامیی هەیە.

هەموو ئەو فشار و توندوتیژییانەی دژ بە کورد ئەنجامدراون بوون بە هۆکاری ئەوەی کورد بە بەردەوامی هەوڵبدات بۆ گەڕانەوەی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی و دەستبەرداری مافی سەربەخۆیی نەبێت. شۆڕشەکانی کورد هۆکاری سەرەکی بوون بۆ گەڕانەوەی هەندێ لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و پاراستنی بەشێک لە خاکی کوردستان. (Romano, 2007: 266)

### ٢-١-٢- گۆڕینی سنوورە ئیدارەییەکانی پارێزگای کەرکوک

لەپاڵ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکان سیاسەتی گۆڕینی سنوورە ئیدارەییەکانی پارێزگای کەرکوک بەرنامەی سەرەکیی حکومەتی عێراق بووە، بە تایبەتی کاتێک لەو ناوچەیە سەرچاوەکانی نەوت و گاز دۆزرایەوە.

دەسەڵاتدارانی عێراق، کە هەڵگری هزرێکی ناسیۆنالیستیی عەرەبی بوون، ئەو ڕاستییەیان پێ قبوڵ نەدەکرا، کورد لە کەرکوک زۆرینە پێکبهێنێت و دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچە دەوڵەمەندە هەبێت، بۆیە دەستکاریی سنوورەکانی کردووە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٥، کەرکوک لە زۆربەی دێ و شارەدێ و شاروچکە کوردنشینەکانی، وەکو چەمچەماڵ، کفری، کەلار، دابڕێنرا. ئەو پارێزگایە، کە لە ١٩٥٠ نزیکەی ٢٠٠٠٠ کیلۆمتر دووجا بوو، لە سەدەی بیست و یەکەمدا بچووککرایەوە بۆ ٩.٦٧٩ کیلۆمتر دووجا. سیاسەتی گۆڕینی سنووری جۆگرافی و ئیداریی ئەو پارێزگایە بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی بووە، کە زۆرینەی لە نەتەوەی کورد پێکهاتبوو. (Anderson, 2009: 30)

### ٢-٢- کەرکوک لە دەرەوەی هێڵی دژەفڕین ( ١٩٩١-٢٠٠٣)

دوای ئەوەی ڕژێمی پێشوو لە ٩ی ئابی ساڵی ١٩٩٠ دەوڵەتی کوێتی داگیرکرد و بە فەرمی ئەو دەوڵەتەی بە عێراقەوە لکاند، بۆ ڕزگارکردنی کوێت لە داگیرکردن لەلایەن عێراق هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی دروست بوو، کە بریتی بوو لە ٣٤ دەوڵەت. لە ٢٦ی شوباتی ١٩٩١ کوێت ڕزگارکرا و هێزەکانی سوپای عێراق شکستیان خوارد. بەهۆی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق و بە مەبەستی ڕزگاربوون لە دەستی ڕژێمی بەعس لە شارەکانی کوردستانی باشوور ڕاپەڕین ئەنجامدرا. ڕژێمی عێراق سێ فیرقەی گاردی کۆماری نارد بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی هاوڵاتییانی کوردستان. لەئەنجامدا زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو هاوڵاتی بەناچاری و بە شێوەی کۆڕەو و لەپێناو خۆڕزگارکردن لە پەلامارەکانی سوپای عێراق ڕوویان لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا کرد. ( Olson, 1992: 485-486) ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٥-٤-١٩٩١ و لە دانیشتنی ژمارە (٢٩٨٢) بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری (٦٨٨)ی دەرکرد بۆ دروستکردنی دژەفڕین و نەوای ئارام " no fly zone – safehaven"، بە مەبەستی پاراستنی کورد لە هێرش و هەڕەشەکانی ڕژێمی عێراق. ( UNSCR 688, April 5, 1991)

ئەم بڕیارە بە تەنها بریتی نەبوو لە پاراستنی کورد لە هەڕەشەکانی سەدام لە عێراقدا، بەڵکو لەنێوان پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و بەشەکانی تری عێراق هێڵێکی جیاکەرەوەشی دروستکرد، کە

بە هێڵی (٣٦) ناسراوە. کەرکوک نەکەوتە ناو ئەو جیاکردنەوەیەی، کە دواتر هەرێمێکی سیاسی و ئیداریی جیاواز لە دەسەڵاتی حکومڕانی سەدام پێکهێنا. ئەم سێ پارێزگایە لەژێر چاودێریی چڕی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو. بەو شێوەیە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ هێزەکانی سوپای عێراق و دامەزراوەکانی دەوڵەت کشایەوە بۆ هێڵی سەوز، کە لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ پرسی ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە عێراق لەسەری ڕێکەوتن هەبوو.(Hiltermann: 2008: 6-8 )

کەرکوک، کە یەدەگێکی زۆری نەوتی هەیە و سەرچاوەیەکی زەبەلاحی وزەیە، لەسەر خواستی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، نەچووە ناو چوارچێوەی هێڵی دژەفڕین و نەوای ئارام. لە ڕابردووشدا کورد هەوڵیدابوو، لە ڕێگەی خەباتی چەکداری و دانوستان لەگەڵ بەغدا، بۆ نموونە لە سەردەمی خەباتی ڕزگاریخوازی بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی نەمر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و لە ساڵی ١٩٧٤، و دواتر لە ساڵی ١٩٩١، کەرکوک بگەڕێنێتەوە بۆ سەر خاکی کوردستان، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوون. (هەمان سەرچاوە ل. ٨) دەوڵەتەکانی دراوسێی عێراق بەردەوام دەسەڵات و هێزی خۆیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری لە کەرکوک و بۆ ئەو مەبەستەش سوودیان لە پڕۆکسییەکانی خۆیان وەرگرتووە. (هەمان سەرچاوە ل. ١٧)

### ٢-٣- ماددەی ١٤٠ و پێگەی کەرکوک

لەپاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە حوزێرانی هەمان ساڵدا دامەزرێنرا، بۆ دەستپێکردنی کارەکانی ئەو دەسەڵاتە کاتییە لە ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە ١٤٨٣ی لە ڕێکەوتی ٢٢-٥-٢٠٠٣ دەرچووبوو. (UNSCR 1483, May 5, 2003) ئەرکی ئەم دەسەڵاتە کاتییە بریتی بوو لە پەرەپێدان و گەڕانەوەی خۆشگوزەرانی و دامەزراندنی ئیدارەیەکی کارا و گەڕانەوەی سەقامگیری و ئاسایش بۆ گەلی عێراق، تا عێراق بتوانێ داهاتووی سیاسیی خۆی دیاربیکات و حکومەتێکی دیموکراسی پێکبهێنێت. هاوپەیمانی دەسەڵاتی کاتی لە عێراق (Coalition Provisional Authority) ئەنجوومەنێکی بۆ حوکمڕانیی عێراق (Iraqi Governing Coucil) پێکهێنا. ئەرکی ئەم ئەنجوومەنە دیاریکردنی دیبلۆماتەکان بۆ دەرەوە و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکی سنووردار بۆ کاروباری وەزارەتەکان و نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستور بوو. لە ٢٨ی حوزێرانی ٢٠٠٤ هاوپەیمانی دەسەڵاتی کاتی لە عێراق بە سەرکرادیەتیی پۆل برێمەر کارەکانی تەواو بوو. (AJIL, Jul, 2004:601-606)

یەکێک لە یاساکانی بەڕێوەبردنی عێراق، کە ئەنجوومەنی حوکمڕانی عێراق دایناببوو و بۆ ماوەی ساڵێک بەڕێوەچوو، ماددەی ٥٨ بوو، کە چەندین بڕگە لەخۆیدەگرێت. لە بڕگەی (أ) ئاماژە بە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک و ناوچەکانی تری دەرەوەی ئیداری هەرێمی کوردستان کراوە. لە بڕگەی (ب)ی هەمان ماددە باس لە گۆڕینی سنوورە ئیدارییەکان کراوە، کە لەلایەن ڕژێمی پێشوو دەستکاریکراون و خراونەتە سەر ناوەند و باشووری عێراق. لە بڕگەی (ج) باس لە سەرژمێری و ڕاپرسی کراوە، بە مەرجێک، پێشووتر هەردوو بڕگەکانی (أ) و (ب) جێبەجێکرابن. دواتر لە کاتی نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵی ساڵی ٢٠٠٥ ناوەڕۆکی ماددەی ٥٨ی یاسای کاتی لە ناو ماددەی ١٤٠ جێگیرکرا. لە ماددەی ١٤٠ چەند قۆناغێک دەستنیشانکراون، یەکەمیان

ئاساییکردنەوەی دۆخەکەیە، واتە ئەو هاوڵاتییانەی دانیشتووی ئەو ناوچانەن و کۆچیان کردووە و ڕاگوێزراون، بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، سنووری یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکان بگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ١٩٦٨، دواتر سەرژمێری بۆ هاووڵاتییان بکرێت، لە کۆتاییشدا ڕاپرسی ئەنجامبدرێت و ئەم پرۆسەیەش تاوەکو ٣١-١٢-٢٠٠٧ جێبەجێبکرێت، بەڵام ئەو ماددەیە وەکو لە دەستور ئاماژەی پێکراوە، (Osman, 2013: 113-117)، تاوەکو ئێستا لە ڕواڵەت جێبەجێنەکراوە.

## ٢-٤- ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ و دۆخی کەرکوک

بەهۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان گەیشتە ئەو ڕاستییەی، حکومەتی فیدراڵ مەبەستی نییە پابەندبێت بە جێبەجێکردنی دەستور و ماددە دەستورییەکان پێشێلدەکات، بە تایبەتی ئەو ماددانەی تایبەتن بە پرسی گەلی کورد و ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەها لەبەر ئەوەی هەرێم خاوەنی یاسای خۆیەتی و بە پێی یاساکانی هەرێم دەتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەربکات و دیسانەوە لەبەر ئەوەی لە ماددەی (١١٥)ی دەستور بە ڕاشکاوی هاتووە، ئەرکی حکومەتی فیدراڵ نییە، دەستێوەردان بکات لە کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم، چونکە بە پێی ئەو ماددەیە، هەر شتێک لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵ ئاماژەی پێنەکرابێت، دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە ناو سنووری هیچ هەرێمێکەوە، و ئەگەر ناکۆکی دروستبووبێت لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکانە. هەروەها لە دیباجەی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ هاتووە[١]، "ئەگەر هەر پێشێلکارییەکی دەستوری لەلایەن حکومەتی فیدراڵ بەرانبەر بە مافی پێکهاتەکانی عێراق (لەوانە پێکهاتەی کورد) ئەنجامدرا، ئەوا دابەشبوونی عێراقی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە گەلی کوردستان ڕیفراندۆمی ئەنجامدا.( Srihari,April 6, 2018)

ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بە یەکێ لە بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئاسایشی نیشتمانی ئەژماردەکرێت، بۆیە لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ بە ڕێبەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی، لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بە کەرکوک و سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشەوە بڕیاردرا بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و گەلی کوردستانی باشوور بە ڕێژەی ٩٢،٧٣٪ بە بەڵێ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. واتە ڕیفراندۆم ئەو ناوچانەشی گرتەوە، کە گەلی کوردستان بە هێزی پێشمەرگە لە دەستی داگیرکاریی تیرۆریستانی داعش ڕزگاری کردبوون. حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەردوو دەوڵەتی دراوسێ ئەنجامی ڕیفراندۆمیان پێ پەسەندنەبوو، عێراق و ئێران و تورکیا هەوڵیاندا بۆ فشارخستنەسەر هەرێم هەڕەشەیان کرد، کە ئابلۆقەی سیاسی و ئابووری بەسەر گەلی کوردستان دەسەپێنن. دواتر لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە هاوکاریی میلیشیاکانی سەر بە ئێران هێرشی کردە سەر کەرکوک و پەلاماری هەرێمی کوردستانی دا.

نوێنەرانی بیانی وەکوو برێت ماکگۆرک و ئەحمەد ئەبوو ئەلغەیت، سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی، داوایان کرد، سەرۆک مەسعود بارزانی لە ڕیفراندۆم پاشگەزبێتەوە. بیانوویان ئەوە بوو، داعش وەکو مەترسی هێشتا هەیە، سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ داعش زیاترە تا وەکوو لەگەڵ عێراق، و ئەمریکا بە نیاز بوو حەیدر عەبادی جارێکی تر دەسەڵات بگرێتەوە دەست، بۆیە دژ بە

ڕیفراندۆم هەڵوێستیان نواند، بەڵام سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند، ئەگەر ڕیفراندۆمیش دوابخرێ، ئەوا لەلایەن بەغداوە هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئایندەی گەلی کوردستان. (Barzani, August 9, 2017) وڵاتانی ئێران و تورکیا پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەڵوێستی توندیان بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان نواند، ئێران تەنانەت سنوورەکانی لەگەڵ هەرێم داخست. (Huff, 2018:5-18)

**بەشی سێیەم: کاریگەریی ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر دۆخی کەرکوک لە ڕابردوو- ئێستا و ئایندە**

سەدان ساڵە قوتابخانەی هزریی "ڕیالیزم" بەسەر جیهان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زاڵە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ترسی هەبووە، لەوەی کەسانی تر هێرشی بۆ بهێنن، بۆیە بۆ پاراستنی خۆی دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی هێز. ژمارەیەک لە فەیلەسووف و زانایان ناخی مرۆڤ بە شەڕانگیز دادەنێن، لەوانە فەیلەسووفی بەریتانی تۆماس هۆبز. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پەنایان بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی بردووە، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی سەقامگیری و ئاسایش لەناوخۆی دەوڵەت و دەوڵەتشارەکان.

ئایا پەیوەندیی نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکان لەسەر چ بنەمایەکی هزرییە؟ ئایا متمانەیان بە یەکتر هەیە و لەسەر ڕێبازی ئایدیالی "یوتۆپیایی" دەژین، یاخۆ متمانە بە یەکتر نییە و تەنیا بەرژەوەندییەکان بەیەکەوە گرێیان دەدات و بەرژەوەندییەکان دەبێتە مایەی مسۆگەرکردنی مانەوەیان؟ ئەگەر چاوێک بە مێژوودا بخشێنینەوە، دەردەکەوێ گەلی کورد کەوتۆتە ناو بازنەی ئەو بەرژەوەندی و ململانێیە نێودەوڵەتییانەی، کە دواجار نیوریالیستەکان خوێندنەوەیان بۆ کردووە. واتا ئێمە دەتوانین بڵێین، بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەناو ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتیدا ڕۆڵدەگێڕن.

پێش ئەوەی ئەمریکا وەکو ئەکتەرێکی کاریگەر لە جیهاندا ڕۆڵ بگێڕێ، دەوڵەتانی ئەوروپا دەستیان بەسەر زۆربەی ناوچە ستراتیژی و دوورگە گرنگەکانی جیهان گرتبوو و بە پێی ڕێککەوتنی نێوانیان، بێ ئەوەی ڕەچاوی تایبەتمەندیی ئەو شوێنانە بکەن لە ڕووی دیموگرافیا و فرەیی نەتەوەیی و کلتووری، ئەو ناوچە و دورگانەیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردبوو. (Asadi, 2007: 14-17) ئەمەش هەروەک زانای ئەمریکی کێنێت واڵتس (١٩٢٤-٢٠١٣) باسی کردووە، ستراکچەرێکی فرەجەمسەرییە و ئەوروپییەکان ڕۆڵیان لە دارشتنی جیهان گێڕاوە. (Waltz, 2000: 27-41)

ئەم شێوە مامەڵەکردنەی ئەوروپاییەکان لەگەڵ ئەو ناوچانە کێشەی نەتەوەیی و ئێتنی لەگەڵ خۆی هێنا. قوتابخانەی نیوریالیستەکان لەو باوەڕەدایە، ترس لە هەڕەشە و بێمتمانەیی وا دەکات، ئەو نەتەوە و ئێتنانە بەدوای ڕێگەچارە بگەڕێن بۆ مانەوە و خۆپاراستن. عێراق لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بەریتانیای مەزن ڕووبەڕووی گۆڕینی دیموگرافیا بوو، هەرچەند گۆڕینی دیموگرافیا لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش هەبووە، بەڵام ئێمە بە مەبەست باس لە قۆناغی بەریتانیای مەزن دەکەین،

چونکە عێراقی هاوچەرخ بە شێوەیەکی دەستکرد لەسەر دەستی بەریتانیا دروستبوو، و خواستی دانیشتوان هیچ گرنگییەکی پێ نەدرا، بگرە ئەو وڵاتە بە پلان یان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرا و کوردستانیش بە عێراقەوە لکێنرا. دواتریش دەسەڵاتدارانی عێراق بەردەوام لە هەوڵدابوون بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوییی گەلی کورد. (Vanly, 1986: 269)

بەریتانیای مەزن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی و پێکاندنی ئەو ئامانجەی، کوردستانی باشوور لە دەوڵەتی عوسمانی جیابکاتەوە، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی هاوبەشێکی متمانەپێکراو لە عێراق، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانێ فەزای مانۆڕکردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فراوانتر بکات و نەوت و بەرژەوەندیی ئاسایشی لەم ناوچەیە بە پێی خواستی خۆی زامنبکات، ڕێگربووە لەوەی دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێ. (Asadi, 2007: 466)

## ٣-١- دابەشبوونی جیهان و بێدەنگیی زلهێزەکان بەرانبەر بە دۆزی کورد

ئەگەرچی لە پێش جەنگی دووەمی جیهان، بە تایبەتی لە دوای دامەزراندنی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیا کار لەسەر گۆڕانکاریی دیموگرافی کراوە، بەڵام بە دروستبوونی دووجەمسەری لە دوای جەنگی دووەمی جیهان گۆڕینی دیموگرافی لە کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان زیادی کردووە. ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر دۆخی کورد و ئاسەواری ئەو کاریگەرییانە تاوەکو ئەمڕۆ ماوە. وەکو ئاماژەمان پێ دا، لەدوای جەنگی دووەمی جیهان ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی شێوەی دووجەمسەری بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئەم ستراکچەرە نوێیە نەیتوانی دۆزی کورد چارەسەربکات، دواجار کورد لەناو ئەم ستراکچەرە بوو بە قوربانیی بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

لە سەردەمی دووجەمسەری ترس و هاوسەنگیی هێزبوونی هەبوو. ستراکچراڵ ڕیالیستەکان پێیانوایە، دابەشبوونی جیهان لەسەر دوو بەرە، گۆڕپانێکی فراوانی بۆ ململانێ دروستکرد. دەبوو دەوڵەت و نەتەوەکان لەسەر ئەوە بڕیاربدەن، بچنە پاڵ کام یەک لەو دوو بەرەیە، مەبەستمان بەرەی ڕۆژئاوایی سەرمایەداری بە سەرکردایەتی ئەمریکا و بەرەی بلۆکی سۆسیالیستی بە سەرکردایەتیی یەکێتیی سۆڤیەتە. لە سەرتاسەری جیهان ترس لە هەژموونی یەکێتیی سوڤیەت هەبوو، بۆیە ئەمریکا هەوڵیدا سیاسەتێک پەیڕەوبکات، کە ڕێگربێ لە سەرهەڵدانی هەژموونی کۆمۆنیزم. لەناو ئەو جۆرە گەمە سیاسییەدا، ئەوەی لەناوخۆی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری ڕوویدەدا، هیچ گرنگ نەبوو. گرنگ ئەوە بوو، چۆن دەوڵەتان بتوانن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مانۆڕ بکەن. ( Waltz, 1979: 96-99 & Mearsheimer, 2001) بەپێی ئەم ستراکچەرە نێودەوڵەتییە دەبوو وڵاتانی وەکوو عێراق، ئێران و تورکیا کار لەگەڵ ئەمریکا بکەن و ڕێگربن لە فراوانبوونی هەژموونی یەکێتیی سوڤیەت. بۆیە زۆرجار شۆڕشەکانی کورد لە نێوان ئەم گەمە سیاسییە نێودەوڵەتیانەدا سەرکووت دەکرا. ئەم جۆرە قوتابخانە هزرییە، کە زاڵبوو بەسەر جیهان، پرسی نەتەوەکانی لا گرنگ نەبوو. بۆیە هەرچی ئەو گۆڕینی دیمۆگرافیا و گۆڕینی سنوورەکان و پاکتاوە ڕەگەزییانەی، کە لە سەردەمی جەنگی سارد ڕوویانداوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێی بێدەنگ بووە. (O'Leary, 2007)

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک عێراق لە یەکێتیی سوڤیەت نزیک بووەوە، ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە ڕژێمی عێراق پاڵپشتیی خەباتی گەلی کوردستانیان دەکرد. (Esty,2017: 20-21) ستراتیژی هێنری کیسنجەر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی جەنگی سارد بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە هەژموونی یەکێتیی سوڤیەت لە وڵاتانی عەرەبی، ئەو کاتەش عێراق لە یەکێتیی سوڤیەتەوە نزیک بوو. بۆیە کیسنجەر ستراتیژێکی دانا بۆ پاڵپشتیکردن لە شۆڕشی کورد بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی دژ بە ڕژێمی بەعس٢ (Kissinger, 1999:579) بەڵام دواتر کاتێک بەرژەوەندیی زلهێزەکان و وڵاتانی ناوچەکە لەوەدا بوو، خۆیان لە عێراق نزیکبکەنەوە، تا عێراق لە یەکێتیی سۆڤیەت دووربکەویتەوە و دووبارە بێتەوە ناو بلۆکی ڕۆژئاوای سەرمایەداری، لەو نێوەندە کورد کرا بە قوربانیی ستراکچەری نێودەوڵەتی. ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان ئێران و عێراق واژووکرا و شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥ دووچاری نسکۆ بوو. (Gibson, 2015: 164-165) نیوریالیستەکان پێیانوایە، لەو سەردەمەدا نەدەکرا ڕێگە بدرێت بە دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا و لە هەژموونی ئەمریکا کەمبکرێتەوە. (Waltz, 1979:127) هەژموونی یەکێتیی سوڤیەت لە وڵاتانی عەرەبی هەڕەشەیەک بوو لە سیستەمی دووجەمسەری بۆ سەر ئەمریکا، و پێویست بوو ڕێگری لێ بکرایە.

دواتر لەم قۆناغەوە بەرەو سیستەمی تاکجەمسەری دەڕۆین و ڕەوشی کورد، بە تایبەتی لە کەرکووک، دوای ڕووخانی یەکێتیی سوڤیەت بەرەوە چ ئاراستەیەک هەنگاو دەنێ.

### ٣-٢- تاکجەمسەری و سیستەمی نوێی نێودەوڵەتی

#### ٣-٢-١ بابەتی سەروەری و دەستێوردانی مرۆیی و مانەوەی ڕژێم

لەگەڵ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام پێداگری دەکات لەسەر سەروەریی وڵاتان و لە دیدی نیوریالیستەکانیشەوە نۆرمی دەستێوەردان لەکاتی هەبوونی ناکۆکیی ناوخۆیی وڵاتان نییە، بەڵام کە یەکێتیی سۆڤیەت هەرەسیهێنا و هەردوو ئەڵمانیا یەکیان گرتەوە و هەڕەشەی کۆمۆنیزم کاڵبووەوە و تاکجەمسەری سەریهەڵدا، بینیمان کاتێک ڕژێمی سەدام هێرشی کردە سەر کوێت و ئەو دەوڵەتەی داگیرکرد، نەتەوە یەکگرتووەکان بە بیانووی پاراستنی مافی مرۆڤ بیری لە دەستێوەردان کردەوە. بۆیە ئەم نۆرمە شەرعیەتی وەرگرت، ئینجا کاتێک ڕژێمی سەدام لە ساڵی ١٩٩١، هێرشی بۆ سەر کورد هێنا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاری بۆ پاراستن و دامەزراندنی دژەفڕین و نەوای ئارام بۆ کورد کرد. واتە کاتێک چارەسەر بۆ کێشە لە ناوخۆی وڵاتێک نەبێت، دەکرێ نەتەوە یەکگرتووەکان، بە تایبەتی زلهێزەکان، ڕۆڵی بەرجەستە بگێڕن بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەسەر بنەمای ستراکچەری جیهانی و هەڕەشە لە هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان بکەن. (Lake, 1998:288-311)

لەهەمان کاتدا ئەو جۆرە هەوڵانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە مەبەستی دەربڕینی بەرپرسیارێتییە لە پێناو پاراستنی کەمینەکان، مەبەست لێرە دروستکردنی نەوای ئارامە بۆ کورد، بەو پێیەی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاسایشی و ستراتیژی دەکرێ لە ڕێگەی دەستێوەردانێکی نێودەوڵەتی ئەو کێشانە کەمتر بکرێنەوە. (هەمان سەرچاوە، ٣٤٨-٣٤٩) بەڵام بۆ لە سەردەمی جەنگی سارد ئەم پرەنسیپە

پەیڕەوەنەکرا، کاتێک ڕژێمی عێراق لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی گۆڕی و پاکتاوی ڕەگەزی ئەنجامدا و دژ بە نەتەوەی کورد چەکی کیمیاوی بەکارهێنا، بۆچی زلهێزەکان، بە تایبەتی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمریکا، هیچ هەڵوێستێکیان نەنواند بۆ پاراستنی گەلی کوردستان؟ لەو سەردەمە کورد بوو بە قوربانیی ستراکچەری سیاسەتەکانی نێودەوڵەتیی دووجەمسەری. هەردوو زلهێز ترسیان لەوە هەبوو، وڵاتان بچنە پاڵ یەکێک لەو دوو جەمسەرە و بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان چاوپۆشییان لە ڕەفتاری ستەمگەرانەی دیکتاتۆرەکان دەکرد. (Waltz, 1979:96-99) بەڵام لە ناو سیستەمی تاکجەمسەریدا، کاتێک ئەمریکا تاکە هێز بوو لەسەر گۆڕپانی نێودەوڵەتی، ڕێگر بوو لەوەی بە هێرشکردنی ڕژێمی سەدام بۆ سەر کوەیت، ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستبێت. بۆیە ئەمریکا سەرکردایەتیی هاوپەیمانیەتییەکی نێودەوڵەتی کرد بۆ لەناوبردنی ئەو هەڕەشەیە و بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕژێمێکی لاوازی وەکو سەدام حوسێنی لەسەر دەسەڵات هێشتەوە.

### ٣-٢-٢- سیاسەتی گۆڕینی ڕژێم

ڕاستە لە دوای جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ لە عێراقدا ڕژێمی بەعس بە لاوازی مایەوە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی هەبێت بەرانبەر بە ئێران، بەڵام دواتر سیاسەتی گۆڕینی ڕژێم هاتەئاراوە. ئینجا ڕژێمی بەعس لە عێراق بوو بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و تەواوی ناوچەکە. واتە ئاراستەکانی سیاسەتی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرانبەر بە عێراق گۆڕانکاری بەسەرهات و ئیتر ئاراستەکان بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراق بەرجەستەبوون. پرسی کورد دووبارە سەرنجراکێشبوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. ئیدارەی بیل کلینتۆن بە ئاشکرا ئاماژەی بە تاوانەکانی سەدام بەرانبەر بە گەلی کورد دەکرد، کە چەکی کۆمەڵکوژی دژ بە کورد بەکارهێناوە و لە هەڵەبجە ٥٠٠٠ هاوڵاتیی کورد بەو هۆکارە بوون بە قوربانی و زیاتر لە ١٨٠ هەزار هاوڵاتیی کورد کەوتوونەتە بەر شاڵاوی ئەنفال و جینۆسایدکردن. بۆیە لە کۆنگریسی ئەمریکا هەوڵدرا بەرانبەر بەم تاوانانەی سەدام یاسایەک دەربکرێ، کە تاوانەکانی سەدام مەحکوم بکات و دواتر سەدام زیندانی بکرێ و سزا بدرێ. (Congress gov, 1998)

کورد لەناو سیاسەتی گۆڕینی ڕژێم کرا بە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە. وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، پێشووتریش بەڵگە لەسەر تاوانەکانی ڕژێمی سەدام هەبوون، چ لە سەردەمی جەنگی سارد، یان لەدوای هێرشی ڕژێمی سەدام بۆ سەر کوەیت. بەڵام ئەو کاتە سەدام هاوپەیمانی ڕۆژئاوا بوو و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوای دەپاراست، بۆیە نەدەکرا تاوانباربکرێ. بەڵام کاتێک گۆڕینی ڕژێمیان مەبەست بوو، پرسی کورد و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی گرنگی پێدرا. لە دیدی نیوریالیستەکان ستراکچەری سیاسەتەکانی نێودەوڵەتی، کە پاشاگەردانی و ئەنارشیانەیە، بە گۆڕانکارییەک لە ناوخۆی دەوڵەتان هیچ ناگۆڕێ. تەنانەت ئەگەر تەواوی وڵاتانی لە سەرتاسەری جیهان بەرگی دیموکراسییان لەبەر بێت، ئەوا ئەنارشیەتی سیستەمی نێودەوڵەتی هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێ.(Waltz, 2000:27-41)

### ٣-٣- دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ماددەی ١٤٠ی دەستور

لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ دەرفەتێک بۆ کورد دەڕەخسێت، تا بەشداربێت لە بونیادنانی عێراقێکی نوێی لامەرکەزی، کە جیاوازبێت لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشووتر، بەڵام بەهۆی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هەرێمی و نێودەوڵەتی و بە مەبەستی پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە، بە بیانووی ئەوەی، ئەگەر کەرکوک بگەڕێتەوە سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، ناسەقامگیری لە ناوچەکە دروستدەبێت، بە تایبەتی دەبێت بە گرفت بۆ ئێران و تورکیا و سوریا. ئینجا ئەنجوومەنی حوکمڕانییەک لەژێر دەسەڵاتی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا پێکهێنرا. ئەو ئەنجوومەنە کاری لەسەر ئامادەکردنی یاسای کاتی و نووسینەوەی دەستور کرد. (AJIL, July 2004)

هەرچەندە ماددەی ٥٨ی یاسای کاتی دانرا و دواتر ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە لەناو ماددەی ١٤٠جێگیرکرا، بەڵام ئەم ماددەیە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە و هیچ کارێک بۆ جێ بەجێکردنی نەکرا. ئەم جۆرە تێڕوانینە نێودەوڵەتییانە بۆ پرسی کورد وای کردووە، پرسی کەرکوک و ناوچەکانی تری دەرەوی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی وەکو خاڵێکی ناکۆک لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە. (Osman,2013) لێرەدا کورد کەوتە ناو بازنەی بەرژەوەندییەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، کە مەبەستیان نەبووە کێشەی کورد چارەسەربێت. فشارە بەردەوامەکانی وڵاتانی دراوسێ بۆ ئەوەی کەرکوک نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئەو تێڕوانینەی، کە دەڵێ بەهێزبوونی کوردستان مەترسی دروستدەکات بۆ سەر وڵاتانی دروسێ، کاریگەریی نەرێنی دروستکرد لەسەر سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە پرسی کورد. هەر بۆیە کاتێک ئەمریکا وەکو زلهێزێکی کاریگەر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕژێمی بەعسی ڕووخاند، بیری لەو سیاستە کردەوە، کە نابێ لە قۆناغی گواستنەوە و سیستەمی نوێدا مافی سەربەخۆیی کورد، یان گەڕانەوی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کێشەکان قۆلتر بکەنەوە.

بۆیە بابەتی کەرکوک، بە سەرپەرشتی ئەمریکا، کرایە بابەتێکی کێشەلەسەر و گرێدرا بە ماددەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق، وەکو چۆن لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، بەڵام لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە بەرچاوڕوونی بدەین، کەوا فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەرییان هەبووە لە سەر ئەوەی، کەرکوک نەگەڕێتەوە بۆ ناو ئیدارەی هەرێمی کوردستان. هەر بۆیەش میکانیزمی پەکخەر لە ناو ماددەی ١٤٠ دانرا، بۆ ئەوەی کێشەی کەرکوک تاوەکو ئەمڕۆ بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە و بەردەوام ئالنگاری بۆ دروست بێت. یەکێ لە هۆکارەکانی چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک و جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور بریتییە لە ڕاپۆرتە ئامادەکراوەکەی "بێکەر-هامیلتۆن"، کە کێشەی کەرکوکی بە بۆمبێکی کاتی وەسفدەکرد. (O'Leary, 2007)

ڕاپۆرتەکەی "بێکەر-هامیلتۆن" هۆشداریی دا، ئەگەر لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ ڕیفراندۆم لە سەر پرسی کەرکوک ئەنجامبدرێ، بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا عەرەب و تورکمان تووڕەدەبن و ناسەقامگیریی زیاد دەکات. لەناو ڕاپۆرتەکەی "بێکەر-هامیلتۆن"، لە پێشنیازی ژمارە ٣٠، ئاماژە بەوەکراوە، دەبێت ئەو ڕیفراندۆمەی، کە دەستور بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دیاریکردووە، دوابخرێ، چونکە بە ئەنجامدانی تەقینەوە لە ناوچەکە ڕوودەدات و پێویستە ئەم پرسە بدرێتە دەست گروپی نێودەوڵەتی بۆ پاڵپشتیی عێراق (International Iraqi Support Group) و ئەوان ناوبژیوانی بکەن لە ڕێگەی لێکتێگەیشتنی دوولایەنە و دواتر ببێت بە بەشێک لە دیپلۆماسی نوێی

کاریگەر (New Diplomatic Offensive)، کە لە پێشنیازی ٢ی ڕاپۆرتەکە هاتووە، جێگیربکرێت. واتە کرانەوەی دەرگای چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، بە تایبەتی کێشەی کەرکوک، بۆ وڵاتانی دراوسێ (ئێران، سوریا، تورکیا) و دەرفەتیان پێ بدرێت، دەستێوەردان بکەن، بە مەبەستی هێشتنەوەی سەقامگیریی عێراق، تا زیان بە ناوچەکە نەگات٣. (Baker, 2006:44-66) هەر بۆیەش قوتابخانەی ستراکچراڵ ڕیالیزم پێیوایە، زلهێزەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و سەقامگیری پەنا بۆ هەر جۆرە سیاسەتێک دەبەن، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان بکات، بێ ئەوەی ڕەچاوی ڕەوشی ناوخۆیی وڵاتان بکەن. هەروەها بۆ زلهێزەکان گرنگ نییە، ئایا ئەو وڵاتەی هەماهەنگی لەگەڵ دەکرێت، پرەنسیبی دیمۆکراسی یاخود دیکتاتۆری پەیڕەودەکات، گرنگ ئەوەیە پلانەکان بەو شێوەیەی ئەوان دایانڕشتووە و مەبەستیانە بەڕێوەبچن. (Waltz, 2000: 27-41)

### ٣-٤-کاریگەریی هێزی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر پرسی ڕیفراندۆم و کەرکوک

"باری پۆسن" سەبارەت بە گرفتی ئاسایشی و ناکۆکیی نێوان نەتەوەکان دەڵێ، ئەم جۆرە ترسە دەکرێ ببێ بە هۆکاری ئەوەی ئەو نەتەوانەی دەچەوسێنرێنەوە، بەدوای ئاسایش بگەڕێن، چونکە ترسیان لە سروشتی هەڕەشەی ئاسایشی هەیە لەلایەن دراوسێیەکانیانەوە، بۆیە لێرەدا بەدوای چارەسەر دەگەڕێن و دواتر ناکۆکییان لێ دەکەوێتەوە. ( Posen, 1993: 27-47) وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ڕێگرن لەوەی پرسی کەرکوک چارەسەر بکرێت و مەبەستیانە تا بکرێت بەهەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە، بۆیە لە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی توند و نەرێنییان نواند.

لەگەڵ ئەوەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم وەکو ئامرازێکی یاسایی و شێوازێکی ناڕاستەوخۆی دیموکراسییە و پرسێکە و پەیوەستە بە بڕیاری گەل و لە هەمان کاتدا پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیدەکات، دەبینین ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی کاریگەری هەیە لەسەر ئەم پرسە و بەردەوامە لەسەر ڕێگریکردن لە دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین. کاتی گەلی کوردستان بە ڕێژەی ٩٢.٧٪ بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دەنگیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧، دوای گوشارێکی زۆری ناوخۆیی (عێراق) و هەرێمی و نێودەوڵەتی، سڕکردنی پرۆسەکەی جاڕدا. (KRG Cabinet, 2017)

ئەمەش دیسان نموونەیەکی تری زیندووی پشتکردنە لە چارەسەرکردنی پرسی کورد. وڵاتانی دراوسێ هەڕەشەی داخستنی دەروازە سنوورییەکانیان کرد. دەوڵەتی عێراق بە هاوکاریی میلیشیاکانی سەر بە ئێران و بە چەکی مۆدێرنی ئەمریکا هێرشی کردە سەر کەرکوک و هەرێمی کوردستان و بەو چەکەی ئەمریکاش شەڕی پێشمەرگەی کرد. جارێکی تر دوای ڕیفراندۆم و بە بەرچاوەی جیهان پرۆسەی بەعەرەبکردن بەردەوامی پێ درا، و زەوی و زاری کورد سووتێنرا و کورد لە کەرکوک دەرکرا و سوپای عێراق لە کەرکوک نیشتەجێکرا و زمانی کوردی لەناو دامەزراوە فەرمییەکان ڕێگەی پێ نەدرا و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان قەدەغەکرا و داوا لە کورد کرا ئەمە قبوڵبکات و تەسلیم بێ. ( Barzani, 2017)

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا و بەریتانیا هێشتا هەر بەردەوامە لەسەر سیاسەتی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و داوا لە هەرێمی کوردستان دەکات، کێشەکانی لەگەڵ بەغدا لە ڕێگەی گفتوگۆ چارەسەربکات، چونکە ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی لە ئێستادا ئەم شێوازەی دەوێت. کاتێک لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ شەڕی کەرکوک ڕوویدا ئەمریکا بێلایەنی هەڵبژارد و بە ئاشکرا وتی، ئەوە کێشەی ئەوان نییە و نابێت ئەوان بگلێنە ناو کێشەی نێوان عێراق و هەرێم. (Trump, Oct 16, 2017) ئەمریکا پێیوایە سەربەخۆیی کوردستان کێشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستدەکات، بۆیە پشتگیری ناکات. (Hiltermann, 2018) ئەگەر لەلایەکی ترەوە بڕوانینە ئەم ڕەوشە، لەپاڵ هەبوونی کێبڕکێ و نامتمانەیی و هێشتنەوەی هاوسەنگی هێز، دەکرێ بڵێین، ڕاستە ڕێگری کراوە لە سەربەخۆیی کوردستان و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ سەر هەرێم، بە بەیانووی دروستبوونی ناسەقامگیری، بەڵام لەهەمان کاتدا کورد و هەرێمی کوردستان، کە بە بەردەوامی فاکتەرێک بووە بۆ لاوازکردنی ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا، وەکو کارتێکی فشار بەکاردەهێنرێ لەناو سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر بەو وڵاتانە و ئەمریکا هەوڵدەدات ئەو کارتە وەکو خۆی بپارێزێت. بۆیە بوونی هەرێمی کوردستان بەو قەوارەیە، بێ کەرکووک و ناوچەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لە دیدی ئەمریکا هاوسەنگیی هێزی پاراستووە. ئەمریکا نایەوێت هەرێمی کوردستان لاواز بێت یان هەڵبوەشێتەوە، نەمانی هەرێم و هەڵوەشاندنەوەی لە بەرژەوەندیی وڵاتانی دراوسێ دەبێت، بۆیە کورد بە تایبەت هەرێمی کوردستان وەکوو فاکتەرێکی گرنگ لە ناو سیاسەتەکانی ئەمریکادا دەمێنێتەوە٤، لەپێناو بەکارهێنانی وەکو کارتی فشار بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ. بەڵام ئەمریکا پشتگیری لە سەربەخۆیی و گەڕانەوەی تەواوی خاکی کوردستان بۆ سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان ناکات، تاوەکوو خاڵێک بۆ ڕازیکردنی وڵاتانی دراوسێ و عێراق بەدەستیەوە بمێنێ.

لە لایەکی ترەوە ئالنگارییەکانی ناوچەیی هەن، بۆ نموونە تورکیا و ئێران وەکو دوو دراوسێی عێراق سنووریان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە هەردوو وڵات بە بەردەوامی هەرێمی کوردستان وەکوو هەڕەشە دەبینن بۆ سەر سەقامگیریی وڵاتەکانیان و بە ناچاری قبووڵی ئەو "دی فاکتۆ" یە دەکەن، کە هەرێم لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵ قەوارەیەکی سیاسی دانپێنراوە.

بەڵام تورکیا و ئێران هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نین، دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، چونکە ئەوانیش وەکوو دەوڵەت لەناو ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی ڕۆڵدەگێرن و بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەگەڕێن، و سوورن لەسەر مانەوەی سنوورەکان و دەستکارینەکردنیان. ئەگەرچی زۆرجار هەردوو دەوڵەت دژایەتی یەکترییان کردووە، بەڵام بەرانبەر بە پرسی نەتەوەیی کورد پێکەوە کاریان کردووە و هاوکاریی یەکتربوون.

لە ٢١ ئەیلولی ساڵی ٢٠١٧ سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەردانی عێراقی کرد و پشتیوانیی خۆی بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق ڕاگەیاند، لە هەمان کاتدا ڕایگەیاند کە، هاوکاریی عێراق دەبێت بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی ناسەقامگیری. تا پێش ڕیفراندۆم لە نێوان هەرێم و تورکیا ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە گوژمەی ٥ ملیار دۆلار بووە، بەڵام تورکیا لە کاتی هێرشەکانی سوپای عێراق لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بۆ سەر هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی عێراقی کرد. ( Ali, 2017 & Uyanik, 2017) ئەگەرچی پرسی کورد و پرسی کەرکووک بە تایبەتی بووە بە مۆتەکەیەک بۆ وڵاتانی

دراوسێ، بەڵام ڕەفتاری ئەو وڵاتانە ناتوانێت کورد ناچاربکات، دەستبەرداری مافە بنەڕەتییەکانی بێت.

**ئەنجام**

ئەم توێژینەوەیە مەبەستی بوو لە دیدێکی ترەوە بڕوانێتە هۆکاری چارەسەرنەکردنی پرسی کەرکوک و جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور. ڕاستە لە دیدگای ناوخۆیی کار لەسەر ئەم پرسە گرنگە کراوە، بەڵام ئێمە بە گرنگمان زانی خوێندنەوەمان هەبێت بۆ دیدگای قوتابخانەی ستراکچرال ڕیالیزم و کاریگەریی ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم پرسە بخرێتەڕوو. بەپێی ئەم قوتابخانە هزرییە سیاسەتەکان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی لە سەر بنەمای هێز و بەرژەوەندی و دابەشکردنی تواناکان بەڕێوەدەچێت، نەوەک لەسەر بنەمای ئەوەی، ئایا سیستەمی دەوڵەتەکان دیکتاتۆرییە یان دیمۆکراسییە یان پراگماتیکە. بۆ ئەم ستراکچەرە ئەوە گرنگە، دەوڵەتەکان بە چ شێوەیەک دەجوڵێنەوە و مانۆڕدەکەن. لەم ڕووەوە ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی، کە ئەمریکا تێیدا پێشەنگە، نایەوێت هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی هەبێت، چونکە ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییە دەبێت هەژموون و دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت. بۆ ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییە گرنگ نییە، ئایا لەم چوارچێوەیە گەلێکی ستەمەلێکراوی وەکوو کورد دەبێتە قوربانی یان نا. تەنیا مەبەست ئەوەیە، هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندیی سیستەمی نێودەوڵەتی دروستنەبێت. بۆیە لەم توێژینەوەیەی بەردەست، بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و شیکردنەوەی قوتابخانەی نیورِیالیستەکان و کاریگەریی ستراکچەری سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر پرسی کورد گریمانەی توێژینەوەمان سەلماند، بە تایبەتی کاریگەریی ئەو ستراکچەرە لەسەر جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور، کە بە بەردەوامی دخرێتە ناو ژمارەیەک پرۆسەی ئاڵۆزەوە و جێبەجێکردنیان قورستر دەکات، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو دیدگا نەرێنیی باوەدایە، کە ئەگەر ئەم پرسە و ماددەی ١٤٠ چارەسەربێت، ئەوا ڕەوشی عێراق و ناوچەکە، بە ئێران و تورکیاشەوە، ئاڵۆزتر دەبێت. ئەم شێوە دیدگایەی نیورِیالیستەکان بەسەر سیاسەتی نێودوڵەتی زاڵە، کە دەڵێت، سیستەمی نێودەوڵەتی لە ڕەوشێکی ئەنارشییانەدایە و جیهان پڕە لە هەڕەشە و جەنگ و بێمتمانەیی، بۆیە ئەم تێڕوانینانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان، وای کردووە دەوڵەتەکان بەدوای هێز بگەڕێن. دواجار ئەم ستراکچەرە خۆی لە ناو هاوسەنگی هێز دەبینێتەوە، ئەمریکاش مەبەستی نییە، ئەو هێزە باڵادەستەی، کە لە ناوچەیەکی وەکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیەتی، بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لەدەستبدات. پرسی کورد لەناو چوار دەوڵەتی خاوەن سەروەرییە، نیورِیالیستەکان گرنگی بە ناوخۆی دەوڵەتەکان نادەن و بۆیان گرنگ نییە چۆن ئەو دەوڵەتە خاوەن سەروەرییانە لەناوخۆدا هەڵسوکەوت دەکەن. وڵاتە زلهێزەکان، بۆ نموونە ئەمریکا، ئامادەنین، لەسەر پرسی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی سەربەخۆی وەکوو تورکیا و ئێران بکەونە ناو کێشە و ئاریشەوە. بەڵام لە عێراقی نوێی پاش ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، کە ئەمریکا دەستی باڵای هەبووە لە دامەزراندنی، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کەوا ئەمریکا بە بەردەوامی کاریگەری هەبووە لە سەر دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بە بیانووی دروستبوونی

ناسەقامگیری. لە دوای ڕیفراندۆم بینیمان چۆن ئەمریکا و سیستەمی نێودەوڵەتی دووبارە پشتگیریی خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراقی دەربڕی و دژ بە پرۆسەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵوێستیان نواند. ئەو لایەنانە تەنانەت بەرانبەر بە هێرشەکانی سوپای عێراق و میلیشیاکانی سەر بە ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان بێدەنگییان نواند. هاوپەیمانێتیی کورد لە شەڕی تیرۆر و دژ بە داعش و قوربانیدانی پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن لە بەها مرۆییەکان بە نوێنەرایەتیی هەموو جیهان بەهەند وەرنەگیرا.

بۆیە گۆڕینی دیمۆگرافیا و سنوورەکان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و جینۆسایدی گەلی کورد و ڕاگواستنی بە زۆرەملێ بە پێی قوتابخانەی نیورپالستەکان دەکەوێتە ناو چوارچێوەی کاروباری ناوخۆی دەوڵەت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێوست بە وەلامدانەوەیەک ناکات. کاتێک لە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ گرنگییان پێ دەدرێت، بە مەرجێک ئەو بەرگریکردنە نەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوندییە باڵاکانی ئەمریکا و هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە تێکنەدات. لە سایەی ئەم هاوکێشەیەدا نەوای ئارام و دژەفرین بۆ کورد دامەزرا. دواتر بە مەبەستی لادانی ڕژێمی بەعس بەڵگە تاوانەکان بۆ ڕای گشتیی جیهان ئاشکراکران، ئەو تاوانانەی ڕژێمی سەدام لە سەردەمی جەنگی سارد ئەنجامیدابوو، بەو شێوەیە ئامادەکاری کرا بۆ گۆڕینی ڕژێمی سەدام. ئەو کاتە بە پێویست دەزانرا، گۆڕانکاری بکرێ لە سیستەمی سیاسیی عێراق و پرسی گۆڕینی ڕژێم بوو بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئیدارەکانی ئەمریکا، بە بەیانووی ئەوەی، سەدام بووە بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ناسەقامگیری لە جیهان دروستدەکات. لەهەمان کاتدا سەبارەت بە ئێران دروشم تەنها گۆڕینی هەڵسوکەوتی ڕژێم بووە، نەوەک ڕووخاندنی. بۆیە لەدیدی نیورپالیستەکان، هەر گۆڕانکارییەک لەناوخۆی وڵاتان ڕوودات گرنگ نییە و کاریگەریی لەسەر ڕەوشی ئانارشییانەی ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی نابێت، چونکە ئەنارشیبوونی ئەو سیستەمە نەگۆڕە. لە سیستەمی نێودەوڵەتی گۆڕانکارییەکان بە پێی دابەشبوونی ئیمکانیاتی دەوڵەتەکان لەناو ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی ڕوودەدا. ئەمریکا، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خاوەن هێزێکی زەبەلاحی سەربازی و ئابوورییە، هەرگیز ڕێگە نادات هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی دروستبێت و بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدات، سەرهەڵدان ڕوونەدات و ڕکابەرەکانی لە ناو ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو نەبن. گەلی کوردستان کەوتۆتە ناو کەوانەی ئەم جۆرە ستراکچەرە پڕ لە ململانێ و ڕکابەرییانە، کە تێیدا وڵاتانی زلهێز ڕۆڵدەگێڕن.

## ڕاسپاردەکان

کورد و شۆڕشەکانی کورد، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بریتانیا لە عێراق، یان لە سەردەمی "فرەجەمسەریی ئەورووپی"، دواتریش لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و هاتنە پێشەوەی ئەمریکا وەکو زلهێزێک لە تەنیشت یەکێتیی سۆڤیەت و دروستبوونی دووجەمسەری، لەناو ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی باجێکی قورسی ئەم شێوە ستراکچەرەی داوە. دواتر سیستەمێکی نوێی جیهانی تاکجەمسەریی بەسەرکردایەتیی ئەمریکا دروستبوو. لەناو ئەم سیستەمە جیهانییە نوێیەدا تارادەیەک دەرفەت بۆ کورد ڕەخسا، هەندێ لە مافەکانی بەدەستبهێنێت. هەرێمی

کوردستان وەکو قەوارەیەکی سیاسی بوو بە "دی فاکتۆ" و دواتریش وەکو فاکتەرێکی گرنگ لە ناوچەکە و لەناو سیاسەتەکانی نێودەڵەوتیدا گرنگیی پێدرا. بەڵام دیسانەوە کورد لە باشووری کوردستان بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێزی نێوان وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و لە ناو عێراق، کە لە ئێستادا سەرەوەری لەژێر هەژموونی هێزێکی هەرێمی وەکو ئێراندایە، ڕووبەڕووی بەربەست و ئالنگاریی زۆر بۆتەوە، بە تایبەتی لە پرسی گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ سەر هەرێم. پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت، چارەسەرکردن و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور لە ڕێگەی هێزی دەرەکی ئەستمە و ئەو پرسە لەلایەن ئەو هێزانەوە بە بەردەوامی ئاستەنگی بۆ دروستکراوە، پێویستە ئەو ڕاستییەش بخەینەڕوو، کە جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ و قەرەبوونەکردنەوەی قوربانییانی دەستی ڕژێمەکانی پێشوو کۆمەڵێ مەترسیی تریان بەدوای خۆیانهێنا، لەوانە گۆڕینی دیموگرافیای هەرێمی کوردستان و کاڵکردنەوەی بابەتی ئینتما بۆ نیشتمان و هەوڵدان بۆ ساردکردنەوەی گڕوتینی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، بۆیە:

1. پێویستە گەلی کوردستان خۆی نەکات بە قوربانیی بەرژەوەندیی دەوڵەتە ناوچەییەکان و دەستبەرداری خاک و مافە ڕەواکانی نەبێت

2. پێویستە حکومەتی عێراقی فیدراڵ کار بکات بۆ نەهێشتنی ئەو گرفتە ئاساییشییەی، کە بەهۆی سیاسەتی ناتەندروستی ڕژێمەکانی پێشوو دروستبووبوون، چارەسەر بکات و دان بە تاوانەکانی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق بنێت، کە بەرانبەر بە گەلی کوردستان ئەنجامدراون، وەکوو جینوساید و کۆمەڵکوژی، ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستنەوەی بە زۆرەملێ و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکان و قوربانیان قەرەبوو بکاتەوە. هەروەها پێویستە کار بۆ ئاشتی و تەبایی بکرێت. چونکە چارەسەرکردنی کێشەکان و دەستەبەرکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان ئەرکی سەرەکی حکومەتی فیدراڵە. پێویستە داوا لە هەرێمی کوردستان نەکرێت، کە هێشتا هەر لەناو ئاریشەی ئاسایشی دەژی، دەستبەرداری خاک و مافەکانی بێت. ئەگەر حکومەتی فیدراڵ بەردەوام بێت لەسەر پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەی و مافە دەستورییەکانی کورد پێشێلبکات، بێگومان گەلی کوردستان ناچاردەبێت پەنا بۆ بژاردە و میکانیزمی تر ببات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چونکە ئەگەر متمانە نەمێنێ و ترس هەبێت، ئەوا بێگومان ململانێ دروستدەبێت.

3. پێویستە حزبە کوردییەکان خۆیان لەدەست فشاری دەرەکی ڕزگاربکەن و بۆ یەکگرتنەوە هەوڵی جددی بدەن لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانی. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان پێویستە دیدگایان بۆ خاک و نیشتمان لە سەرووی بەرژەوەندیی حزبی بێت. هێزی هەرێمی و لایەنەکان لە ناوخۆی عێراق بە هێزی نەرم بەردەوامن لەسەر سڕینەوەی ناسنامەی کورد، نە تەنها لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدرای هەرێم، بەڵکو لەناو خۆدی هەرێم. سەرقاڵکردنی کورد بە کێشەی ماددەی ١٤٠ و بەکارهێنانی هێزی نەرم لە بواری کلتووری، نەتەوەیی و زمان و لە بوارەکانی تری وەکو بازرگانی و ئابووری، هەوڵی

مەترسیدارن بۆ گۆڕینی ئاراستەی پرسی کورد و کاڵکردنەوەی ناسنامەی کورد. لەوانەیە کاریگەری ئەو هێزە نەرمە لەسەر نەوەکانی داهاتوو زیاتربێت و ئەگەر هەیە توێژێک دروستبێت، چیتر باس لە پرسی کورد و کوردستان نەکات.

4. پێویستە بە بەردەوامی باس لە تاوانەکانی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بکرێت و بە بەرنامەی زانستی و بە میتۆدی پێشکەوتووی پەروەردەیی و میدیایی باس لە مێژوو و جوگرافیای کورد و خەباتی سەرکردەکانی گەلی کوردستان بۆ ئازادی بکرێت و گرنگی بە سیمبۆلە نەتەوەییەکان بدرێت، تا نەوەکانی کورد لە ئێستا و لە داهاتوودا بە پرسی کورد و ناسنامەی کوردستانی و خۆشەویستیی خاک ئاشنابن.

5. بۆ گەیشتن بە مافە دەستورییەکان پێویستە بابەتی یەکگرتوویی گەلی کوردستان بە جدی وەربگیرێت و ببێتە بەڵگەی بەهێز بەرانبەر بە وڵاتانی دراوسێ، تا کاریگەری هەبێت لەسەر گۆڕینی هەڵوێستی ئەمریکا و هێزی نێودەوڵەتیی تر بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان و بەو ڕێگەیە کورد دەتوانێ بچێتە ناو هاوکێشەکانی ئاسایشی هەرێمی و نێودەوڵەتی. پێویستە بزانرێ، کەوا ئەمریکا و هێزە نێودەوڵەتییەکانی تر بە پێی بەرژەوندییەکانیان سیاسەت دەکەن و متمانە بەو لایەنانە ناکەن، کە پەرتەوازەن.

6. پێویستە سازان نەکرێت لەسەر کوردستانی بوونی کەرکوک، کە لە ڕووی مێژوو و جوگرافیا و واقیع یەکلاکراوەتەوە و لایەنە فەرمییەکان هەوڵی جددیتر بدەن لە ڕێگەی بڕیاری سیاسییەوە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە. پێویستە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان کار لەسەر ناسنامەیەکی نیشتمانی و کوردستانیی یەکگرتوو بکرێت، کە وەکو دیوارێکی کۆنکرێتی ڕێگربێت لە هەموو ئەو هەوڵانەی، کە دەدرێن بۆ لاوازکردنی بەها نیشتمانییەکان و ئینتما بۆ کوردستان.

## پەراوێزەکان

بڕوانە دەستپێکی دەستوری عیراقی هەمیشەی ٢٠٠٥

باسی لە Year of Renewal هێنری کیسنجەر لە یەکێک لە کارەکانی بە ناوەی "ساڵی نوێبوونەوە" [1]
پاڵپشتیی گرووپێکی نەتەوەیی{کوردەکان} لە عیراق کردووە، کە دژ بە حکومەتی خۆیان ڕاوەستاون، هەر بۆیەش یارمەتیدانی کوردەکان لەو سەردەمە بە نهێنی بووە، ئەمەش ئاماژە بووە بەوەی، کیسنجەر لەگەڵ سەربەخۆیی کورد نەبووە. ( Kissinger, 1999:579) هەروەها لە ماڵپەری فەرمیی حکوومەتی ئەمریکا لە بەشی مێژوویدا، کە بە ناوەی "یاداشتنامەی گفتوگۆ" Memorandum of Conversation ئاماژە پێکراوە، کە بەڵگەی تر هەیە، کیسنجەر لە ٢٣ تەمووزی ساڵی ١٩٧٣ باس لەو ستراتیژەی خۆی دەکات، کە بە هاوبەشی لەگەڵ شای ئێران دژ بە حکومەتی عیراق ئەنجامبدرێ، تا بەرپەرچی یەکێتیی سوڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدرێتەوە و باجێکی قورس بدات. هەروەها باس لەوە دەکرێ، کە نابێ عەرەبەکان لە ناوچەی خۆیان

بە ئارەزووی خۆیان پەیوەندی لەگەل یەکێتیی سۆڤیەت دامەزرێنن. بۆیە کیسنجەر دەڵێ، " ئێمە دەمانەوێت کورد بە پێی پێویست هێزی هەبێت، تا ببێتە برینێکی کراوە لە ناو عیراق". (Kissinger,July 23, 1973)

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ڕاپۆرتی بیکر-هامیلتۆن، کە لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکراوە و دەرگای بە ڕووی ئێران و سوریا تورکیا والاکرد، بە بیانووی گەڕاندنەوەی سەقامگیری دەستێوەردان بکەن و بۆ ئەو مەبەستەش میکانیزمەکانی دیاریکردووە.

[1] بۆ نموونە لە ناو خۆی ئەمریکاش هێرشەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئیدانەکران و داواکرا، بەرگری لە کورد بکرێ و لەدەست هەڕەشەکانی ئێران بپارێزرێ. کۆنگرێسمانی ئەمریکی، ترێنت فرانکس، هێرشەکانی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە عێراق بۆ سەر کەرکووک و هێزە کوردییەکان، پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧، بە توندی ئیدانەکرد و داوای کرد، کورد بپارێزرێ. فرانکس وتی، "حەشدی شەعبی ڕووخساری ڕاستەقینەی خۆی بەم هێرشە ئاشکرا کرد، کە دژ بە ئاسایشی بە کۆمەڵە لە عێراق و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، هەروەها وتی، "حەشد "بەکرێگیراوی ڕژێمی گەندەڵی تارانە". (Franks, Oct 16, 2017)

## سەرچاوەکان


- AJIL,(Jul, 2004) “Coalition Laws and Transition Arrangements during Occupation of Iraq" The American Journal of International Law, Cambridge University Press

- Ali, Osman (Fall 2017), "Kirkuk, Iraq’s Next War: What Options Does Turkey Have?" Insight Turkey , Published by: Set Vakfi Iktisadi İşletmesi, SETA VAKFI, Vol. 19, No. 4

- Anderson, Liam, and Gareth Stansfield.(2009) “Kirkuk in the Twentieth Century.” *Crisis in Kirkuk: The Ethnopolitics of Conflict and Compromise*, University of Pennsylvania Press

- Anderson, Liam, and Gareth Stansfield.(2009) “The Kurds Denied.” *Crisis in Kirkuk: The Ethnopolitics of Conflict and Compromise*, University of Pennsylvania Press

- Arab Baath Socialist Party Constitution, 1947, Article 7 and 10.

- Asadi, Awat,(2007)“Der Kurdistan-Irak Konflikt, Der Weg zur Autonomie seit dem Ersten Weltkrieg, Berlin,

- Baker, James A III, &, Lee H. Hamilton,(2006) “The Iraq Study Group Report” VINTAGE BOOKS, A Division of Random House, Inc. New York,

- Barzani, M,( Augus 9, 2017) “President Barzani: Referendum will not be postponed“ Available at: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/090820172

- Barzani, M. (2019) 30May "Barzani: Attacks against Kurds in Iraq's disputed territories 'grave injustice', [Online], Available: https://www.kurdistan24.net/en/news/e6703082-7311-4d99-a599- 24c9c00d0c0f.

- Congress.gov (1998) '"IRAQ LIBERATION ACT OF 1998"', Vol. 34, Available: H.R. 4655.

- Esty, Jonathan C., (2017) "Kissinger's Strategy in the Iraqi Kurdish Rebellion of 1972-75: False Start or Foundation of American-Kurdish Partnership?"Harvey M. Applebaum '59 Award. 13.

- Franck, Thomas M,(1990) " The power of Legitimacy among nations' Oxford,

- Franks, Trend, ( Oct 16, 2017)" US Congressman warns could pull funding if Baghdad does not end attack on Kurds", available at:https://www.rudaw.net/english/kurdistan/151020177

- GfbV,August 21, 2006, Operation Anfal is only part of the crime of genocide. Avialable at: https://www.gfbv.de/de/news/die-operation-anfal-macht-nur-einen-teil-des-voelkermordverbrechens-aus-3187/

- Gibson, Bryan R.(2015) " Sold Out? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War" (New York: Palgrave MacMillan.

- Goldestein, Joshua s and Jon C. Pevehouse, (2010-2011)," Intenational Relations" 9th edition, PEARSON,

- Hiltermann, J.a.M.F. (2018) 16Jan "Twilight of the Kurds : Kurdish officials once demanded of forging their own state out of the ashes of the war against the Islamic State. Now they are fighting for their very survival", [Online], Available: https://foreignpolicy.com/2018/01/16/twilight-of-the-kurds-iraqsyria-kurdistan/.

- Hiltermann, Joost R. (Summer,2008) "To Protect or to Project? Iraqi Kurds and Their Future" Middle East Report , Published by: Middle East Resiarch and Informaition Project(MERIP). No. 247

- Horowitz, Donald (1985) "Ethnic Groups in Conflict" (Berkeley: University of California Press, 178-180

- Huff, Zach,(2018) "Freedom Denied: A Firsthand Look at Kurdistan's Referendum Debacle", Jewish Political Studies Review ,Published by Jerusalem Center for Public Affairs, Vol. 29, No. ¾

- Human Right Watch,(2004) “Claims in Conflict Reversing Ethnic Cleansing in Northern Iraq” August 2, 2004, available at: https://www.hrw.org/report/2004/08/02/claims-conflict/reversing-ethnic-cleansing-northern-iraq

- Human Rights Watch (2004) Claims in Conflict: Reversing Ethnic Cleansing in Northern Iraq. https://www.hrw.org/reports/2004/iraq0804/iraq0804#_Toc78803800

- Jervis, Robert, (1978): “Cooperation Under the Security Dilemma,” World Politics Vol. 30, No. 2 167-214

- Kirmanj, Sherko & Aram Rafaat (2021) The Kurdish genocide in Iraq: the Security-Anfal and the Identity-Anfal, National Identities, 23:2, 163-183, DOI: 10.1080/14608944.2020.17462250

- Kissinger, Henry A, (July 23, 1973) “24. Memorandum of Conversation” July 23, 1973, Available at, https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1969-76v27/d24.

- Kissinger, Henry,(1999) Years of Renewal, (New York: Simon & Schuster,

- KRG cabinet (Oct 24,2017) "Statement from Kurdistan Regional Government", [Online], Available: http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=12&a=55938.

- Lake, David A & Donald Rothchild, (1998) “The International Spread of Ethnic Conflict: Fear, Diffusion, and Escalation” Princeton University Press, 1998

- Letayf, P. (2011) An Ethnic Tug-of-War? The Struggle Over the Status of Kirkuk. Available at: http://www.tuftsgloballeadership.org/files/resources/nimep/v5/NIMEP_Insights_2011_65-86.pdf

- Logan, L.D. (2009) "Thoughts on Iraqi kurdistan: Present realities, future hope", International University, Yerevan, Brill, Iran and the Caucasus B.

- Lopresti, Jack,(Oct 16, 2017) “ British MP blames Iran for the violence in Kirkuk”, available at: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/151020177

- Lopresti, Jack,(Oct 16, 2017) “ British MP blames Iran for the violence in Kirkuk”, available at: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/151020177

- Machiavelli, Nicolo,(1950) “The prince and the discourse” translated by Luiqi Ricci, Mc Graw-Hill Education

- McCain, John,(Oct 16, 2017) "US Senator McCain warns of 'severe consequences' for 'misuse' of American arms against Kurds", available at: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/151020177

- Mearsheimer, John J,(2001) " the tragedy of great power politics" Norton,

- Morgenthau, Hans,(April 18, 1965) " we are Deluding ourselves in Vientnam" NewYork Times Magazin,

- Morris, at al, (2015), (Kirkuk: The Future of Kirkuk" Middle East Institute

- O'Leary, Brendan, (March 2007) " Iraq's Future 101: The Failings of the Baker-Hamilton Report Strategic Insights, Volume VI, Issue 2

- Olson, Robert, "The Kurdish Question in the Aftermath of the Gulf War: Geopolitical and Geostrategic Changes in the Middle East" Third World Quarterly , Taylor & Francis, Ltd, Vol. 13, No.3

- Osman, Azad,(2013) " Nawcha Dabrinrawakan o Kesha le serekan" :: [Sabbatical Leave at the University of Erfurt / Germany]

- Pevehouse, Jon C. W. & Joshua S. Goldstein " Internatioal relations" Breif Seventh Edition, PEARSON, 2017

- Posen, Barry.(1993)"The Security Dilemma and Ethnic Conflict." Survival. vol 35, no. 1. Reprinted by permission of Oxford University Press.

- Romano, David, (2007) "The Future of Kirkuk", Ethnopoltics, 6 No. 2.

- Srihari, Gopal. (April 6, 2018) "The Kurdistan Referendum-Overstepping the Rught of Self-Determination?," Cambridge International Law, , Available at: http://cilj.co.uk/2018/04/06/the-kurdistan-referendum-overstepping-the-right-of-self-determination/

- Sun Tzu,( 1963 )"The art of war" translated by Summuel B. Griffith, Oxford University Press, The Struggle Over the Status of Kirkuk. Abailable at: http://www.tufsgloballeadership.org/files/resources/nimep/v5/NIMEP_Insights_2011_6586_. Pdf (Accessed: 20.2.2023)

- Trump, Donald,( October 16, 2017) " Trump refuses to take sides, Iran praises Iraqi forces in Kirkuk", available at : https://www.rudaw.net/english/kurdistan/151020177

- UNSCR 1483, (May 5, 2003)" Available at: http://unscr.com/en/resolutions/doc/1483

- UNSCR 688, (April 5, 1991) available at: http://unscr.com/en/resolutions/doc/688
- Uyanik, M. (2017) "Turkey and the KRG after the referendum: Blocking the path to independence", 22 Nov, [Online], Available: https://www.csis.org/analysis/turkey-and-krg-after-referendum-blocking-pathindependence
- Vanly, Ismet Cherif,(1986)“Kurdistan und die Kurden, B.II, Göttingen und Wien,
- Waltz, Kenneth,( 1979) “ Theory of Interantional politics” Addison-Wesley Publishing Company.
- White, Robert,( Oct 16, 2017) “US-led Coalition says it will not support Iraqis or Peshmerga forces in Kirkuk”; Available at; https://www.rudaw.net/english/kurdistan/151020177


**ملخص البحث**


منذ نشوء الدولة العراقية عام ١٩٢١، تم العمل على تعريب كركوك. لكن خلال فترة حكم نظام البعث، زادت هذه الجهود، حتى وصلت الى مرحلة محو الهوية القومية للكورد. لسنوات عديدة التزمت القوى العظمى والمجتمع الدولي الصمت إزاء الانتهاكات اللاإنسانية. بعد انهيار نظام البعث في عام ٢٠٠٣، أصبح للكورد أمل الحصول على حقوقه المشروعة. صحيح أنه تم الاعتراف بإقليم كوردستان ككيان دستوري، لكن مشاكل المناطق الكوردستانية خارج إدارة الإقليم لم تحل، لا من خلال عملية حظر الطيران لعام ١٩٩١ ولا في إطار الدستور الدائم للعراق لعام ٢٠٠٥ والمادة ١٤٠ من الدستور. لقد تم فصل هذه المناطق عن إقليم كردستان و أعتبرت كمناطق متعددة القوميات، يقال بأنها يجب أن تحل عن طريق الدستور. وعلى الرغم من موافقة إقليم كوردستان على هذا الشرط، إلا أنه لم تبذل أي جهود جادة لحله، وتم وضع عراقيل إقليمية ودولية أمامها. لذلك ركز هذا البحث على المدرسة الفكرية "الواقعية الجديدة" أو "الواقعية البنيوية " ، والتي تناقش التأثير الاستراتيجي للنظام الدولي على سلوك الدول في الماضي وفي المستقبل وكذلك في الحاضر. هذه المدرسة الفكرية لا تهتم بالقضايا الداخلية للدول، سواء كانت أنظمتها ديكتاتورية أو ديمقراطية ، مايهمها هو سلوك الدول داخل هيكل النظام الدولي، كدول مستقلة ذات سيادة. من هذا المنظور قمنا بتحليل أسباب عدم تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور، المتأثرة بالمصالح العليا للولايات المتحدة وحلفائها والاستقرار الإقليمي والحفاظ على وحدة العراق. طالما هذا النمط من التفكير هو المهيمن على النظام الدولي، وطالما الخوف من التهديد والهيمنة والعمل على الحفاظ على توازن القوى مستمر، فسيكون من الصعب تغيير الحدود المصطنعة أو تنفيذ المادة ١٤٠. وإذا تم إستبدال فكر الواقعية الجديدة بفكر أخر داخل النظام الدولي كالمثالية مثلاً، الذي يركز على القيم الإنسانية والقضايا العرقية بدلاً من سيادة الدولة، يمكننا القول بأنه سيتم تنفيذ المادة ١٤٠ وسيعود الاستقرار إلى هذه المناطق.



الكلمات الرئيسية: الواقعية البنيوية ، القضية الكردية ، تغيير الحدود ، التعريب، المادة ١٤٠ ، الاستفتاء .